Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.1012

# کورد لەڕوانگەی تێزی(ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی/ Türk- Islam Sentenzi) لە تورکیا

سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵلا

کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: January, 2019
Revised:February,2019
Accepted:April,2019

**Keywords**

کلیلە ووشە ( کورد، تورکیا، PKK ، ئاین، ناسیۆنالیزم، ئاوێتەکردن).

**Corresponding Author**

salam.abtydulla@univsul.edu.iq

**پوختە**

لەمێژووی هاوچەرخی تورکیادا روبەڕووبوونەوەی کێشەی کوردو جوڵانەوە رزگاریخوازییەکەی، چەندین شێوەی لەخۆگرتووە، ئەگەرچی لەرووە مێژووییەو سیاسییەکەیەوە کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ، ئەو روبەڕووبوونەوانە دەچنە چوارچێوەی هەوڵی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەمانای کۆتاییپێهێنانیو شێوەکانی سیاسیو سەربازییو ئابووریی لەخۆگرتووە، بەڵام پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی، ئەمیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوەو بگرە کاریگەری کەمتر نەبوو لەروبەڕووبوونەوە سیاسیو سەربازییو ئابوورییەکانیتر، بێگومان تورکیا بەدرێژایی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی کورددا هەوڵیداوە کام ئامراز لەکام قۆناغی مێژوویدا کاریگەری زیاتری هەیە ئەوە تاقیبکاتەوەو بەکرایبێنێت، سەرباری گەڵاڵەبوونی ئەو ئامرازە لەنێوخۆی تورکیاو لای پارتە سیاسیەکانو حکومەتی فەرمانڕەوا. سەرەتای سالانی هەشتاکانی سەردەی بیتسەمیش قۆناغێکی نوێی پیادەکردنەوەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی ئیسلامی بوو بۆ وەستانەوە بەرووی گەشەکردنو هەڵکشانی جوڵانەوەی کوردو ڕێگریکردن لەگەشەکردنی کێشەی کورد، ئەگەرچ سەرانی کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980) خۆیان بە بیرو بۆچوون سێکیۆلار (عەلمانی) بوون، بەڵام هەوڵیاندا ئەو تێزە لەو قۆناغە پەیڕەو بکەنو لەڕێگەیەوە قۆرتو لەمپەر لەبەردەم بەرەو پێشچوونی جوڵانەوەی کوردو کێشەی کورددا دروست بکەن. ئەم تێزەش بەدرێژایی چەند قۆناغێکی مێژووی لەتورکیاو لای تورکەکان گەڵاڵە کراو دوایی پیادەکرا.

## پێشەکی

پێوەندی نێوان ئایینو ناسیۆنالیزم لەمێژووی هاوچەرخی تورکیادا بابەتێکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستیی هەیە، بەجۆرێك پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانیش، رۆڵی ئایین بەگشتییو ئیسلام بەتایبەتی لەرونانی ناسیۆنالیزمی تورکیدا فەرامۆش نەکرا، زۆرجاریش ئایینی ئیسلام وەك ئامرازێك لەخزمەتی ناسیۆنالیزمی تورکیدا بەکارهاتووە.

مەبەست لەتێزی (ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی/ Turk- Islam Sentenzi)، ئەو تێزەیە، کە پاش کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) لەلایەن گەورە ژەنەراڵەکانی سوپاو ئەنجامدەرانی کۆدەتاوە پێشنیازکرایەوە، لەلایەك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هزرییەی، کە لەو قۆناغەدا هاتبووە ئاراوە، بەهۆی گەشەکردنی هزری چەپو ئیسلامیی سیاسییو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، لەلایەکیتریشەوە لەبەر لاوازی هزری کەمالیزم. ئەگەرچی رەگو ریشەی ئەم تێزە بۆ هێندێك سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، بەڵام دواتر لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکانو سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی (1919-1922)و دوای جەنگی

دووەمی جیهانیو پاشتریش لەساڵانی شەستو حەفتاکانی سەدەی رابردوودا باشتر گەڵاڵە کرا، تا لەساڵانی هەشتاکان جارێکیتر دەرفەتی بۆرەخسا بێتەوە نێو کایەی سیاسیو فەرمانڕەوایی لەتورکیا. کاتێکیش کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، یەکێك لەو نەتەوانەی، کە لەدژی بەکارهێنرا، کوردو جوڵانەوە رزگاریخوازییەکەی بوو، بەهۆی ئاراستە چەپو سەربەخۆخوازییەکەی، کە لەو قۆناغەدا پارتی کرێکارانی کوردستانPKK رێبەرایەتی دەکرد. ئەم تێزە لەچەند بوارێکدا پیادەکرا، بەڵام دژ بەکورد زیاتر لەفەزای کۆمەڵایەتیو تایەفیو سیاسیو سەربازیدا پیادەکرا، بەشێوەیەك وەك یەکێك لەدەرکەوتەکانی ناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەندخۆی بەرجەستەکرد، لەبەرئەوە لەزۆر قۆناغی مێژوویدا ئایین ئامرازێکی کاریگەر بووە لەسەر بەشێکی زۆر لەجوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو مەسەلەی کورد، کە لەدژی بەکارهێنراوە. ئەوەی، کەتایبەتە بەم تێزە لەو بوارانەدا، بریتی بوو لەوروژاندنو قوڵکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتیو تایەفییەکانو دامەزراندنی رێکخراوی حیزبوڵڵا بۆ بەگژاچوونەوەی کوردو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا. هۆیەکی تری بەکارهێنانی ئەم تێزە دژ بەکورد، بۆ لاوازی هۆشیاری ئایینیو باوەڕداریی مرۆڤی کورد لەباکووری کوردستان دەگەڕێتەوە، کە هەر خودی ئەو ئایینەی زۆرینەی مرۆڤی باوەڕداری کورد لەباکووری کوردستان بڕوای پێهێنابوو، بۆ مەبەستو ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەی سەردەستی فەرمانڕەوا لەتورکیا لەدژیان بەکارهێنراو لەو قۆناغەدا کاریگەریی خۆیبەجێهێشت لەسەر کێشەی کوردو جوڵانەوە رزگاریخوازییەکەی. بۆیە بایەخو هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، پێوەندی بەگرنگی لێکۆڵینەوەوە هەیە لەسەر خستنەڕووی لاوازی هۆشیاری ئایینی تاکی کوردیو ئاستەکانی مامەڵەکردنو تێڕوانینی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی بۆ کوردو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەباکووری کوردستانو شیکردنەوەی وردەکاری بوونی کورد لەڕوانگەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی لەتورکیا، لەگەڵ دەرئەنجامو کاریگەرییەکانی. بۆیە تاوەکو ئێستا بەزمانی کوردیو لەبواری ئەکادیمی کوردیدا لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەسەرئەم بابەتە ئەنجام نەکراوە.

ئەو میتۆدە(method)ی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتووە، بریتییە لەرێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەجۆرێك زانستیانە ئاماژە بەچەمکی تێزی ئاوێتەکردنی (تورکی- ئیسلامیی) دراوەو پاشان بەپێی قۆناغی مێژوویی زەمینەی رەوتی سەرهەڵدانو قۆناغەکانی گەشەکردنو دواتریش هۆکارەکانی پیادەکردنی لەساڵانی هەشتاکاندا خراوەتەڕوو. هەروەها دیدو تێڕوانینی ئەو تێزە بەرامبەر بەکورد وەك نەتەوەو جوڵانەوەی کورد شیکراوەتەوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەو زانیارییە مێژووییەکانو راڤەکردنیان بەشێوەی زانستیانە بەرەچاوکردنی پێوەرو کەرەستەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیی. بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود لەژمارەیەك سەرچاوە بەزمانە جۆراوجۆرەکانو جۆری جیاوازی سەرچاوە وەرگیراوە، کەزۆربەیان تایبەت بوون بەمێژووی هاوچەرخی تورکیاو کورد، هەروەها ئەو سەرچاوانە پەیوەندیدار بوون بەناونیشانو بابەتو باسو تەوەرە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەوەو زانستیانە لەپەراوێزەکانو لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێدراوە. لەو سەرچاوە عەرەبییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون وەك(تركيا المجتمع والدولة)ی (اندرو فنكل ونوكهت سيرمان)و (جدليات المجتمع والدولة في تركيا)و(تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية)ی (عقيل سعيد محفوض)و (تركيا بين العلمانية والاسلام في القرن العشرين)ی(وليد رضوان)و...تاد. سەرچاوە کوردییەکانیش لەوانە:(پانتورکیزم، سەدەیەك لەپەلکوتان بۆ فراوانخوازی)ی (جیکوب لاندرۆ)و (مێژووی تورکیای هاوچەرخ)ی(حەمید بۆز ئەرسەلان)و (پاسەوانانی کەمالیزم)ی (خەلیل عەلی موراد)و (رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی تورکی)ی(قەیس جەواد ئەلعەزاوی)و (جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان)ی(کرستینا کۆیڤۆنەن)و (دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا)ی (ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن)و (داستانی ژیانەوە)ی (عەبدوڵا ئۆجەلان)و...تاد. هەرچی سەرچاوە فارسییەکانە، بریتیین لە:(اسلام و میهن دوستی، جامعه کردستان و طرح ترور من)ی (عەبدوڵا ئۆجەلان)و (تاریخ حزب کارگران کردستان PKK)ی (جمیل بایك)و (شناخت مسئله کرد در ترکیه)ی(فوزی بیلگین و علی ساریخان)،هەروەها تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە (صعود التيار الاسلامي في تركيا)ی (طلال يونس الجليلي). هەروەك سوود لەژمارەیەك وتارو لێکۆڵینەوەی نێو گۆڤارو رۆژنامەکانیش وەرگیراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدوو باسی سەرەکی پێکدێت، باسی یەکەم: تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەچەمك‌و زەمینەو قۆناغەکانی پشکوتنی تێزی (ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی)و بۆ دوو تەوەر دابەشکراوە، تەوەری یەکەم: قسەکردنە لەسەر پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم‌و ئیسلام، تەوەری دووەم خستنەڕووی کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980)، وەك زەمینەی سەرهەڵدانەوەو پیادەکردنی سەنتێزی نێوبراو. باسی دووەمی لێکۆڵینەوەکە: تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی پیادەکردنەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی بەرامبەر بەکوردو لەدوو تەوەر پێکهاتووە، هەرچی تەوەری یەکەمە: بریتییە لەقوڵکردنەوەی جیاوازییە تایەفییەکان دژ بەکورد لەلایەن حکومەتی تورکیاوەو مەسەلەی عەلەوییەکان بەنموونە هێنراوەتەوە. تەوەری دووەمیش: لەژێر ناونیشانی پیادەکردنی سەنتێزەکەیە لەرووی سیاسیی‌و سەربازییەوە، کەخۆی لەدامەزراندنی ڕێکخراوی حیزبوڵڵادا دژ بەکوردو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددەبینێتەوە. لەکۆتایشدا ئەنجامگیریی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ ریزکردنی لیستی سەرچاوەکان بەشێوەی زانستیی‌و بەپێوەرەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی.

**باسی یەکەم- چەمك‌و زەمینەو قۆناغەکانی پشکوتنی تێزی (ئاوێتەکردنی تورکیی-ئیسلامیی):**

**تەوەری یەکەم-دەربارەی پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم‌و ئیسلام**

رەنگە ئەو پرسیارەی روبەڕوو دەبێتەوە، ئەوەبێت، کەئاخۆ بەگشتی لەئاییندا ناسیۆنالیزم هەیە یان نا؟ ئەگەر هەیە، کام دەق‌و کام زانیاری ئایینی ئاماژەی پێداوە؟ ئەگەر بوونیشی نییە، بۆچی دەبینین دەوڵەت‌و هێزو ڕێکخراوی سیاسیی لەتەنیشت شوناسی نەتەوەییاندا، ناسنامەی ئایینیان دەبینین؟ یاخود لەهێندێك دۆخدا دەبینین تێزێکی سیاسیی ئایینی فەرمانڕەوایی دەکات‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەپارێزێت‌و کار لەسەر بەدیهێنانیان دەکات؟ بۆیە لەم روانگەهوە قسەکردن لەسەر پێوەندیی نێوان ئایین‌و ناسیۆنالیزم گرنگە، هەروەك شیکردنەوەی کارایی‌و کاریگەریی نێوان ئەو دووانەش پێویستییەکی ئەکادیمیی‌و بابەتییە.

لێرەداو لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لەئایین، بریتییە لەئایینی ئیسلام. راستە لەهیچ دەقێکی دیاریکراوی ئیسلامدا نەتەوایەتیی لەفۆرمی ناسیۆنالیزمدا بەدیناکەین‌و راشکاوانەش هیچ دەقێك نییە باس لەرێگەپێدانی هزری ناسیۆنالیزم بکات، بەڵکو کۆی نێوەڕۆکی دەقەکانی ئیسلام (قورئان‌و فەرمووده) جەختکردنەوەیە لەئینتیماو رایەڵە ئایینی‌و بیروباوەڕییەکان‌و شوناسی ئوممەت بوونی هەیەو هەر جۆرە شوناسێکی ناسیۆنالیزم رەتکراوەتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِير )، (الحجرات/13)، بەڵام لەهەمانکاتدا بەروانینێکی کولتورو کۆمەڵگەو مێژووی نەتەوە مسوڵمانە فەرمانڕەواکان لەمێژووی ئیسلامیدا، تێبینی بوونی جۆرێك لەتێکەڵاوی‌و ئاوێتەبوون‌و پێکداچوون لەنێوان گوتاری ئیسلامیی‌و ناسیۆنالیزم بەفۆرمی جیاواز لەیەکتر دەکەین. نموونەی دەوڵەتی ئومەویی‌و روانین(41ك – 132ز / 662ك - 750 ز)ی بۆ نەتەوە مسوڵمانە ناعەرەبەکان لەڕووی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگییەوە بەڵگەیەکی ئەم زانیارییەیە، کەدواتر هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوە نارەزاییە هزریی‌و سیاسییەکانی دژ بەدەوڵەتی ئومەویی، وەك بزوتنەوەی گەلانی ناعەرەب(شعووبییەت)و راپەڕین‌و شۆڕشی مەوالییەکان‌و دواتریش درێژبوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایی خەواریجەکان‌و...تاد. جگەلەوەی دواتر فارسەکانیش جۆرێك لەهەست‌و بیری شانازیکردن بە بنەچەو رەچەڵەك‌و فەرهەنگی خۆیانیان بۆ دروستبوو دژ بەعەرەبەکان،سەرباری ئەوەی، کە چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەمەڕ پێوەندیی نێوان ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم هەیەو پێویستی بەشیکردنەوەی بابەتی هەیە. بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا باس لەپێوەندی نێوان ئیسلام‌و ناسیۆنالیزمی تورکیی لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بکەین، شێوەی ئەو پێوەندییەو قۆناغەکانی گەشەکردن‌و پشکوتن‌و دواجار گەڵاڵەبوون‌و دەرکەوتنی لەچوارچێوەی تێزێکی سیاسیی دیاریکراودا، کە بریتیی بوو لەتێزی(ئاوێتەکردنی تورکیی-ئیسلامیی) بخەینەڕوو، لەگەڵ پراکتیزەکانی ئەو سەنتێزە لەکایەکانی ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و حکومیی ئەو وڵاتەدا روونبکەینەوە. هەروەها روانینی ئەم تێزە بۆ کوردو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەو قۆناغە وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی‌و ئیتنی(Ethnic) گەورە لەو وڵاتەدا، لەگەڵ خستنەڕووی مامەڵەو سیاسەتەکانی بەرامبەر بەکورد، شیبکەینەوە.

بۆتێگەیشتن لەپێوەندیی نێوان‌و ئایین‌و ناسیۆنالیزم‌و کاریگەریی ئایین لەسەر ناسیۆنالیزم، ئاماژە بەبیربۆچوونەکانی (باربارا ئان-

ریقەر[1] (Barbara Ann Flanagan) دەکەین، کەدوای شیکردنەوەی ئەو پێوەندیی‌و کاریگەرییانەپۆلێنبەندییەکدەکات، لەڕووی ئەوەی تا چ رادەیەك ئایین دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ناسیۆنالیزم هەبێت، بەو هۆیەشەوە جۆرەکانی ناسیۆنالیزم لەژێر کاریی ئایین بەمجۆرە بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات:

یەکەم- ناسیۆنالیزمی سێکیوٚلار(عەلمانی).

دووەم- ناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەند.

سێیەم- ناسیۆنالیزمی ئایینی.[2]

لەڕوانگەی ریقەرەوە، جۆری یەکەم لەناسیۆنالیزم، کە ناسیۆنالیزمی سێکیۆلارە رێگە نادات ئایین لەرونانی شوناسی نەتەوەییدا جێگەیەك بگرێت. جۆری سێیەم، کە ناسیۆنالیزمی ئایینیە، لای نێوبراو بریتیە لەبزوتنەوەیەکی سیاسیی، کە لەلایەن گروپێك لەخەڵك، کە زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی باوەڕە ئایینیەکان بەمەبەستی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی خۆیان لەژێر قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆدا. هەرچی جۆری دووەمە، کەبریتییە لەناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەند، ریقەر وەك بزوتنەوەیەك دەیبینێت، کە لەناو ئەم چەشنە لەناسیۆنالیزمدا، ئایین پێگەیەکی کاریگەرو توخمێکی لایەنگیری شوناسی نەتەوەیی داگیردەکات.[3]

سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەتورکیا بەدیاریکراوی دوای کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980)، تێبینی پەیڕەوکردنی تێزی(ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامی) دەکەین لەلایەن سەرانی کۆدەتاکەوە لەماوەی فەرمانڕەوایی سەربازیی لەوڵات (1980-1983)دا، دواتریش کە هەڵبژاردن هاتەئاراوەو پارتی دایکی نیشتیمان بەسەرۆکایەتی تۆرگۆت ئۆزال[4]، سەرکەوتنی تێیدا بەدەستهێناو کابینەی حکومەتێکی مەدەنی پێکهێنا، بەردەوام بوو لەپەیڕەوکردنی ئەم سەنتێزە بەشێوەیەکی سیستەماتیزەکراوو لەرێگەی دامودەزگە فەرمییەکانی حکومەتەوە، بەشێوەیەك ئەو تێزە پەرەی زیاتری پێدراو لەو قۆناغەدا بووە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت[5]. ئەگەرچی ئەمە ئایدۆلۆژیایەکی لێبەرهەم هێنرا بەهۆی بەسیاسیکردنی ئایینی‌و ئاوێتەکردنی بەتێزەکانی تورکیزم‌و لەلایەن گەورە ژەنراڵەکانی کۆدەتاکەوە پراکتیزە کرا، هاوکات تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەمە دەچێتە نێو خانەی فۆرم‌و دەرکەوتەکانی جۆری دووەمی ناسیۆنالیزمەوە، کەبریتی بوو لەناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەند، چونکە ئەو مۆدێلە لەتێزی(ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامی)، تەنها وەك ئامراز ئایینی لەگوتاری ناسیۆنالیزمی خۆیدا جێکردبۆوە، ئەویش لەبەرەنگاربوونەوەی ئایدیای چەپڕۆو ئیسلامیی سیاسیی‌و جوڵانەوەی کورد دا، کە پارتی کرێکارانی کوردستانPKKزیاتر نوێنەرایەتی دەکردو لەو قۆناغەدا هەڵگری ئایدیایەکی چەپڕۆی مارکسی- لیینینی بوو[6].

---

[1]. باربارا ئان- ریقەرBarbara Ann Flanagan:بڕوانامەی ماستەری لەبواری زانستی سیاسیی‌و فەلسەفە لەساڵی 1997 لەزانکۆی نیۆیۆرك- جینیسیو بەدەستهێناوە، هەروەها 2000 بڕوانامەی ماستەری فەلسەفەی لەزانکۆی نبراسکا لنکۆڵن بەدەستهێناوەو 2003 لەهەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری زانستی سیاسیی بەدەستهێناوە. خاوەنی چەند کتێبێکەو لەهەندێکیشدا بەشداربووە لە نووسینیدا، لەوانە:( حماية الله: الحرية الدينية في السياسة الخارجية الامريكية)، و(تطور إيران: الثيوقراطية تصارع مع القرن ال21)و (اللجنة الدولية للصليب الأحمر: محايد ممثل الإنساني). لەگەڵ چەندان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تر لەبواری زانستە سیاسیەکان‌و ئایین. زیاترلەبوارەکانی مافی مرۆڤ نێودەوڵەتی‌و ئایین‌و سیاسەت‌و کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاری توێژینەوە دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە http://www.cwu.edu/political-science/barbara-ann-flanagan.

[2]. بیرین کوینجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلام‌و نەتەوەخوازیی لەتورکیا، سەرچاوەکان‌و دیسکۆرسەکان، لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی )، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015، ل155.

[3]. ه.س، ل160.

[4]. تۆرگۆت ئۆزال: لە ساڵی 1927 لە ئەستەمبوڵ لە دایکبووە. وەك ئەندازیار لە فەرمانگەی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی(1950-1951) کاریکردووە. چۆتە ئەمەریکاو دوای گەڕانەوەی بووە بە راوێژکار لە 1958 بۆتە سکرتێری پلان دانان‌و لە 1966 پۆستی راوێژکاری تایبەتی هونەری سەرۆکایەتی وەزیرانی گرتۆتە دەست‌و لە 1977 بۆتە سەرۆکی سەندیکای کارگەی پیشەسازییە کانزاییەکان. لە 1980 بۆتە بریکاری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ئابووریی. ساڵی 1983 (پارتی نیشتیمانی دایك)ی دامەزراندووەو ساڵانی(1983-1989) سەرۆك وەزیران بووە، پاشان (1989-1993) سەرۆك کۆماری توکیا بووە تا مردنی لە 1993، بڕوانە.د.حامد محمد گە السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني واثرها علي العلاقات التركية- الروسية(1984-1999)، ص(242-243).

[5]. عەباس خۆشناو: رەوشی ئیسلام‌و عیلمانییەت لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل(330-331).

[6]. جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامي، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009، ص72، وانظرد.وليد رضوان: تركيا بين العلمانية والاسلام في القرن العشرين، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006، ص(231-232).

لێرەوە پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن دەکرێت لەوڵاتێکدا، کەدەستوورو سیستەمێکی سێکیۆلاریهەبێت، بەتایبەت تورکیای نوێ، کە هەر لەسەرەتاوەو لەسەردەستیمستەفا کەمال ئەتاتورك[7]. لەسەر سێکیۆلاریزم بونیاتنرابوو، بەجۆرێك ئایینی بەتەواوی لەهەموو کایەکانی دەسەڵاتو ژیانی گشتیی کردبووە دەرەوەو تەوژمی بەسێکیۆلاریزەکردنو رۆژئاواییکردن وڵاتی گرتەوە، رێگە بەئایین بدرێت بێتەوە نێو کایەکانی فەرمانڕەوایی‌و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، بەدیاریکراوی دامەزراوە هەستیارەکانی وەك وەزارەتی پەروەردەو کاروباری ئایینیی؟ گرفتی گەورەش لێرەدا ئەوەبوو، کە ئەم تێزە لەلایەن گەورە ژەنراڵەکانی سوپاو کۆدەتاوە بەرابەرایەتی کەنعان ئێڤرن[8] رێگەی پێدرا، کە خۆیان خەڵکانی سێکیۆلار بوون‌و هیچ پەیوەستی‌و پابەندییەکیان بەئیسلام‌و تەعالیمەکانی ئایینی ئیسلام‌و ئینتیمای سیاسیی ئیسلامییەوە نەبوو.

## تەوەری دووەم - کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980)..وەك زەمینەی سەرهەڵدانەوەو پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی - ئیسلامیی

کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) لەتورکیا، لەقۆناغێکدا ئەنجامدرا، کە شەقامی سیاسیی بەریەککەوتنێکی توندوتیژو خوێناوی لەنێوان رەوتی راستڕۆی نەتەوەیی‌و رەوتی چەپڕۆدا بەخۆوەبینی، سەرباری هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی‌و مەترسی ئیسلامی رادیکاڵی شیعەگەرایی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979[9]، لەگەڵ جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، کە لەو قۆناغەدا هەڵگری بیربارەڕی چەپڕۆ بوو. هەروەك لەبنەڕەتدا کۆدەتاکە سنووردانانێك بوو بۆ ئەو بەریەککەوتنانەو کۆتاییهێنان بوو بەو مەترسییەی، کەلای سەرانی کۆدەتا پێیانوابوو چارەنووس‌و ئایندەی وڵات بەرەو لەناوچوون دەڕوات[10]. بۆیە دوای کۆدەتا سەرجەم رێکخراوە چەپڕۆکان داخران لەگەڵ هێندێك رێکخراوی راستڕۆ[11]. هەروەها زۆربەی سەرکردەی پارتە سیاسییە چەپڕۆو ئیسلامییەکان خرانە زیندان‌و دەستبەسەر کران، سەرباری ئەوەی، کە بەدەیان کادرو سەرکردەی رێکخراوە چەپەکان‌و پارتی کرێکارانی کوردستان PKKوەك هێزی گەورەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەزیندانەکانی تورکیا توندکران[12]. وەك لەبەیاننامەی ژمارە (یەك)ی سوپادا هاتبوو، لەکاتی کۆدەتاکەدا:"دەوڵەت‌و دامو دەزگەکانی لەکارکردن وەستاون، پەیکەری دەستووری پڕە لەدژ یەکی. هەروەك پارتە سیاسییەکان چوون یەك نین لەهەڵوێستیان‌و پێویستیان بەگۆڕانی پێویست هەیە بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات. ئاکامی هەموو ئەو فاکتەرانە هێزە کوردییەکان چالاکیان زۆر بووە، ژیان‌و موڵك‌و ماڵی هاوڵاتیان لەئاساییشدا نین. هێرشەکان بۆ سەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە وەك قوتابخانەو زانکۆو دەزگاکانی دادوەریی‌و رێکخراوەکانی کرێکاران‌و جگە لەوانیش، وڵات بەرەو جیابوونەوەو جەنگی نێوخۆیی دەبەن..." هەروەك بەیاننامەکە ناچاربوونی سوپا لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی وڵات‌و ماف‌و ئازادی گەلی تورکیاو گەرەنتی ژیانی خەڵك‌و...، تاد، پاساو دەدات[13].

---

[7]. مستەفا کەمال: ساڵی 1880 لەشاری سلانیك(دۆنمە) لەدایکبووە. باوکی نێوی عەلی رەزا ئەفەندی‌و دایکیشی نێوی زوبەیدە بووە. لەتەمەنی 18 ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی جەنگی‌و قوتابیەکی زرنگ بووە. لە شەڕکردن دژی سوپاکانی یۆنان‌و فەرەنساو بەریتانیا نێوبانگی دەرکردووەو کۆتایی بە دەوڵەتی ئیسلامی هێناو نازناوی ئەتاتورك(باوکی تورکان)ی بە سەردا بڕاوەو لە1938 مردووە، د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: صراع بين اليمين واليسار في تركيا وانعكاسات الصراع علي سياستها الخارجية، مجلة (كلية التربية الاساسية)، ع(71)، 2011، ص49.

[8]. کەنعان ئێڤرن: لە(17ی تەمموزی1918) لە هەرێمی مانیسا لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی تەواو کردووەو چۆتە قوتابخانەی جەنگی‌و وەك ئەفسەر لە پۆلی تۆپ هاوێژ ساڵی 1938 دەرچووە. لە ساڵی 1949 ئەکادیمیای وشکانی بە پلەی ئەفسەر روکن تەواو کردووە. سەرۆکایەتی سوپا سالاریی تورکیای گرتۆتە دەستو سەرکردایەتی کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)ی کردووەو دواتر وەك سەرۆك کۆماری تورکیا لە (9/11/1982 - 9/11/1989) کاری کردووە، بڕوانە د.حامد محمد طه السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني، ص241.

[9]. جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، ص152.

[10]. عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012.ص160.

[11]. عائيشة نيفيني جاغلار: الذئاب الرمادية كتعبير مجازي، من كتاب اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، ت(د.حمدي حميد الدوري و د.عدنان ياسين مصطفي)، بيت الحكمة، بغداد، 2002، ص106، انظر ايضاد.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: صراع بين اليمين واليسار في تركيا وانعكاساتها علي سياستها الخارجية، ص49.

[12]. حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و.(نەجاتی عەبدوڵلا)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل116، بڕوانە د.ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ط2، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008، ص191.

[13]. سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا 1980- 1999، چاپخانەی (پەنجەرە)، تاران، 2015،

گەورە ژەنراڵەکانی سوپا، کە کۆدەتاکەیان ئەنجامدابوو، نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمێکی توندڕۆو کۆنسێرڤاتۆ (conservator) بوون، کەهەموویان هاوجووت بوون لەگەڵ ئایدیای راستڕۆی توندڕۆ لەهەموو تورکیادا. بۆیە برپاریاندا، کەهەموو پەیوەستبوونێکی ئایدۆلۆژیی جگە لەکەمالیزمو هەموو ئینتیمایەکی ئیتنی جگە لەتورکو سەرجەم پەیوەستییە ئایینیەکان، جگە لەسوونەگەرایی رەتبکەنەوە[14]. لەبەرئەوە لەبنەڕەتەوە هۆکارو ئامانجی کۆدەتا رێگرتنو بەرەنگاربوونەوە بوو بەرووی مەترسی هەڵکشانی رەوتی چەپرۆو جوڵانەوەی کوردو ئیسلامی سیاسی لەتورکیادا[15]، بۆیە سەرانی کۆدەتا ویستیان لەیەککاتداو لەرێگەی ئامرازو ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزەوە بەرەنگاری ئەو مەترسیانە ببنەوە. هەر بۆیەشە لەگەڵ هەوادارانی دەوڵەتخوازو نەتەوەخواز هەوڵی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ ئیسلام دا، وەك سەرچاوەی شوناسی نەتەوەو توخمێکی گرنگی فەرهەنگیی لەدارشتنیدا. لێرەوە تێزی (ئاوێتەکردنیتورکی- ئیسلامیی) یان پێشنیاز کردو کردیانە مولْکی دەوڵەت[16]. ئامانجی ئەمەش هەستانەوەی نەتەوەیی تورك بوو بەیارمەتی ئیسلام، بەڵام بەبێ دەستبەرداربوون لەبناغەی جوڵانەوەی تورکیزم[17]. جگە لەوەی مانای ئەم سەنتێزە نەتەنیا رێکخراوەییکردنی توانەوەی ئیسلام لەنێو ناسیۆنالیزمی تورکیدا بوو، بەڵکو دروستکردنی پانتاییەك بوو لەنێوان تێڕوانینی ئیسلامخوازانەی سیاسیو رۆژئاواییبووندا[18]. وەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا گەشەکردنی هزری چەپو مەترسییەکانی، سەرانی کۆدەتای ناچارکرد پەنا ببەنە بەر ئیسلام لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئایدیا چەپەکانو دوورخستنەوەی گەنجان لەسیاسەتو ئاساییکردنەوەی دۆخی نێوخۆیی لەوڵاتدا. بۆیە لەماوەی سێ ساڵی فەرمانڕەوایی سەربازدا (1980- 1983)و دواتریش لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پارتی نیشتیمانی دایكو تۆرگۆت ئۆزال، کاریگەریی ئیسلام لەسیاسەتی تورکیادا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد. لەگەڵ ئەوەی ژەنراڵەکان دانیان بەوەدا نا، کەپابەندن بەکەمالیزمەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا کاریان لەسەر پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەیی کرد، کەئیسلام رۆڵی گرنگی تێدا بگێرێت[19]. لەبەرئەوە بەگژاچوونەوەی هەژموونی هزری چەپو هەروەها ئوسوڵگەرایی ئیسلامیی(الاصولیة-Fundamentalism)لەسەر گەنجان لەوڵاتدا لەپێشی پێشەوەی کارنامەی کۆدەتاکە بوو. هەرچەندە جوڵانەوە چەپو ئیسلامییەکان بەزەبری هێز سەرکوتکران، بەڵام رێبەرانی کۆدەتاکە درکیان بەوە کرد، کەپێویستیان بەئەلتەرناتیڤێکی ئایدۆلۆژیی هەیە، چونکە توانای ئایدۆلۆژیای کەمالیزمی سێکیۆلار لەدەستەبەرکردنی ئەوەدا سنووردار بوو. بۆیە ئەو ئەلتەرناتیڤەش بریتی بوو لەتێزی (ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی)، کەهاوشێوەی ئایدۆلۆژیای نیمچە فەرمی سیستەمی سەربازیی بوو[20].

لەراستیدا کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) دەرفەتێکی دیکەی دایەوە بەسەرهەڵدانەوەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی لەرووی ترۆق کردنو پراکتیزەبوونو دەرکەوتنی لەنێو دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگەدا دژ بەپێکهاتە ئیتنیو

ل(87- 88)، بڕوانە حامد محمد طه السويداني: التيار اليساري في تركيا 1923- 1980، دراسة تاريخية، مجلة (دراسات اقليمية)، عدد(31)، مركز الدراسات الاقليمية التركية، جامعة الموصل، ص255.

[14]. حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، ل117.

[15]. سەبارەت بەمەترسی ئیسلامی سیاسیی لەتورکیا، بەتایبەت پاش ئەو خۆپیشاندانەی، کە لەرۆژی (1980/9/6)و لەساڵیادی رۆژی جیهانی قودس لەشاری قۆنیە بەبەشداری نزیکەی نیو ملیۆن لەهاوڵاتیانی تورکیی ئەنجامدراو تێیدا دروشمی دژی سێکیۆلاریزم وترایەوە بەسەرۆکایەتی پارتی سەلامەی نیشتیمانی، کە نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکرد، هەروەك پێشتریش لەکۆنگرەی چوارەمی پارتەکەدا لە رۆژی (15ی تشرینی دووەمی 1978) هوتافی (یان ئیسلام یان مەرگ یان بەرزکردبۆوە، سەرباری لێدوانەکانی ئەربەکان لەرۆژی (18ی حوزەیرانی 1979 )، ترسی خستە دڵی سوپاو پارێزەرانی سیستەمی سێکیۆلاریزمو پاسەوانانی کەمالیزمەوە، بڕوانە طلال يونس الجليلي: صعود التيار الاسلامى فى تركيا، رساله دكتوراه غير منشوره، كليه التربيه، جامعه الموصل، 1999، ص(136-137)، ماجید محی عەبدولعەباس: رۆڵی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1960- 1980)، لە کتێبی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1946-2012)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013، ل101.

[16]. سیمتەن جۆشار: رۆڵی ناسیۆنالیزمی تورکو ئیسلامی سوننە لەبونیاتنانی شوناسی پارتە سیاسییەکان، لەکتێبی ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ل190.

[17]. عائيشة نيفيني جاغلار: الذئاب الرمادية كتعبيرمجازي، ص106.

[18]. سیمتەن جۆشار: رۆڵی ناسیۆنالیزمی تورکو ئیسلامی سوننە، ل190.

[19]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازی بەرامبەر بەئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا 1950- 1997، و.لەعەرەبییەوە (سەلام عەبدولکەریمو بەرزانی مەلا تەها )، دەزگای جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی، 2015، ل226.

[20]. هـ.س، ل(227-228).

نەتەوەییەکان، وەك یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کۆدەتا، ئەگەرنا پێشتر ئەو سەنتێزە سەریهەڵداوەو بەچەندین قۆناغی مێژوویدا تێپەڕیوەو چەندین کەسایەتیو دەستەو گروپو ناوەندی رووناکبیریی تورکیی رۆڵیان لەتیۆریزەکردنو گەڵاڵەکردنیدا هەبووە. ئەگەرچی رەگو ریشەی ئەم تێزە دەگەڕێتەوە بۆ نێو هێندێك سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت سەردەمی تەنزیمات(1839 – 1876)و دواتریش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(1876-1909) لەرێگەی پێشنیازکردنو کارکردن لەسەر تێزی(پان- ئیسلامیزم)و هەروەها سەردەمی فەرمانڕوایی ئیتیحادو تەرەقیی(1908-1911)و سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی(1919-1922)، بەڵام بۆئەوەی زۆر دوورنەکەوینەوە لەڕووی مێژووییەوە، گرنگەو واباشترە لەسەرەتای سەدەی بیستەمو لەکەسایەتییەکی وەك (زیا کۆگ ئاڵب)[21] هوە دەستپێبکەین، کەرۆڵی گرنگی گێڕاوە لەدارِشتنی پایەو بناغەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیدا. بۆیە وەك قۆناغی یەکەمی گەڵاڵەبوونو تیۆریزەبوونی ئەم سەنتێزە لەکۆگ ئاڵبەوە دەستپێدەکەین.

زیا کۆگ ئاڵب بۆچوونی وابوو لەبەرئەوەی ئایین یەکێك لەتوخمەکانی کولتووری نەتەوەیی پێکهێناوەو جگەلەوەش تورکەکان لەبەرئەوەی مسوڵمانن، دەبێت ئیسلام بەشێوەیەکی سروشتیی توخمێکی پێویست لەکولتووریان بێت. بۆئەوەش ئایین لەگەڵ مەدەنییەتی رۆژئاوادا بەریەك نەکەوێت، کەسێکیۆلاریزمی تورکیی پشتی پێبەستووەو کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە. کۆگ ئاڵب ئایینی وەك دیاردەیەکی مێژوویی دەبینی، کەبابەتی گۆڕانەو گرێدراوی دۆخی کۆمەڵایەتییەو هەوڵی بەکارهێنانی دا بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی تورك، بەشێوەیەك ئەو رەتیکردەوە، کەسەرچاوەی یاسای ئیسلام (شەریعەت)،تەنها دەق بێت (وتەی خواو فەرمودەی پێغەمبەر – د.خ)، بەڵکو بیروڕای وابوو، کەعورف، واتە دابونەریتەکانو دۆخەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامیش دەبێت وەك سەرچاوەی یاسای ئیسلامیی رەچاو بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی ئاوێتەکردنی ئیسلامی بەناسیۆنالیزمی تورك دا[22]. چونکە پوختەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی بریتییە لەچەندین خاڵی هاوشێوەی سەرنجراکێش لەنێوانفەرهەنگی تورکەکان لەقۆناغی پێش ئیسلامو شارستانییەتی ئیسلامیی وەك هەستکردن بەخۆشی دادپەوەریو بڕوابوون بەیەکتاپەرستیو جەختکرنەوە لەئەخلاقو ژیانی خێزانیی. بۆیەئەم سەنتێزە باوەڕی وابوو تورکەکان پەلکێش بکرێن بەرەو ئیسلامو بیانکەنە سەربازی ئیسلام[23].

هەروەك لەدەستپێکردنی بزوتنەوەی کەمالیزمو لەقۆناغی شەڕی سەربەخۆییدا، کەمستەفا کەمال ئەتاتورك رابەرایەتی دەکرد پاش کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەپشتبەستن بەکوردەکانو لەژێر کاریگەری سۆزی ئایینیو پارێزگاریکردن لەخەلافەتو لەشەڕی بیانیو (گوایە کافران)، پاش هەردوو کۆنگرەی سیواسو ئەرزڕۆم[24]، کار لەسەر ئەم تێزانەی کۆگ ئاڵب کرا، چونکە لەسەرەتاوە مستەفا کەمالیش بۆچوونی وابوو ناسنامەی یەکێتی تورکیا بریتییە لەکۆی ناسنامە سیاسیو ئایینیو تایەفیو زمانەوانییەکان، ئەوەی لەکەمالیزم داواکراوە هەزمکردنی هەموو ئەوانەیەو گەیشتنە بەناسنامەیەکی تورکیی

[21].زیا کۆگ ئاڵب: لەساڵی 1876 لەدیاربەکر لەدایکبووە، کەسێکی خوێندەوارو خۆی خۆی پێگەیاندووە. سەرەتا یەکێك لەلێپرسراوانی کۆمەڵەی (تورکیای لاو) بوو، دواتر لەساڵی (1908- 1918) ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقیی بوو، پاشان بوو بەلایەنگری مستەفا کەمالو بزوتنەوەی کەمالیزم. لەزانکۆی ئەستەمبوڵ وانەی سۆسیۆلۆژیای وتۆتەوە. ساڵی 1911 لەشیعری (تۆران) بانگەوازی ئاشکرای بۆ تۆرانیزم کردووە. بەیەکێك لەتیۆرسینانی ناسیۆنالیزمی تورك لەقەڵەم دەدرێت، ئەگەرچی خۆی کورد بووە. لەساڵی 1924 کۆچی دواییکردووە. بڕوانە جیکوب لاندرۆ: پانتورکیزم، سەدەیەك لەپەلکوتان بۆ فراوانخوازی، و. لەفارسییەوە (ئەبوبەکر خۆشناو)، چاپخانەی (سەردەم )، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، 2009، ل(71-72).

[22]. بیرین کوینجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلامو نەتەوەخوازیی لەتورکیا، ل(168- 169). هەروەها کۆگ ئاڵب دەڵێت:"ئایینی ئیسلام، کە عەرەب دایمەزراندووە، بەکەڵکی ئێمە نایەت، لەبەرئەوە ئێمە پێویستمان بەریفۆرمێکی ئایینی هەیە بۆئەوەی لەگەڵ سروشتی ئێمە بگونجێت، تاکو نەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی جاهیلی". بڕوانە د.قەیس جەواد ئەلعەزاوی: رەگ و ریشەی ناسۆنالیزمی تورکی، و.لەفەرەنسییەوە (د.موحسین ئەحمەد عومەر )، چاپخانەی (بەردان) ، ئەستەمبوڵ، 2015، ل54.

[23]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل(229-230).

[24]. حامد محمود عيسي: القضية الكردية في تركيا، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2002، ص(144، 146، 149)، منصور عبدالحكيم: مصطفي كمال اتاتورك، ذئب الطورانية الاغبر، دار الكتاب العربي، دمشق- القاهرة، 2010، ص367.

پێکداچوو، واتە گۆڕان لەکۆمەڵەی ناسنامەکانەوە بەرەو ناسنامەیەکی یەکگرتوو.[25]

قۆناغی دووەمی گەشەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی - ئیسلامیی، بریتییە لەقۆناغی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، بەتایبەت لەو قۆناغەدا، کەپێوەندییەکی لێکگرێدراو لەنێوان ناسیۆنالیزمو ئیسلام وەك پێویستییەك بۆ شوناسی نەتەوەیی تورك دەبینرا، بەهۆی: لاوازی کۆماری نوێی تورکیا لەتێگەیشتنی ئەو رۆڵەی ئیسلام لەبیناکردنی شوناسی نەتەوەییو دەستەبەرکردنی ئاسایشیی ئیتنیدا گێڕابووی. هەروەها ژیانەوەی ئایین بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زیادیکرد، جگە لەلیبرالیزمی سیاسیی، کەئایینی رزگار کردو مەترسی کۆمۆنیزمیش، بەتایبەت لەو قۆناغەدا ئیسلام لەبەرامبەریدا بوو بەچەکێکی بەهێز.[26] هاوشانی ئەم شتانە دەوڵەتی تورکیاش پێداچوونەوەیەکی لەسەر پێگەی خۆی کرد، کە دەبێت ناسیۆنالیزمی تورکیی لەسەر بنەمای مێژوو ئایین دابمەزرێت. سەرباری دەرکەوتنی کەسانی وەك نەجیب فازل کیساگۆرکو نورەدین تۆپچوو پەیامی سەفاو یەحیا کەمال، کەبوونە هۆی گەلاڵەبوونی زیاتری تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی، چونکە ئەمانیش پێداگرییان لەسەر پێوەندی لێك گرێدراوی نێوان ئیسلامو ناسیۆنالیزم دەکردو بۆچوونیان وابوو، کەئیسلامو ناسیۆنالیزم لەتوخمە بنەڕەتییەکانی شوناسی نەتەوەیی تورکن.[27] هەروەك سەردەمی فرەحزبیو دواتریش لەماوەی دەسەڵاتدارێتی پارتی دیموکرات لەتورکیا بەدرێژایی ساڵانی پەنجاکان، ئایین دەرفەتی بۆرەخسا بێتەوە نێو کایەی سیاسیی لەڕێگەی سوودلێوەرگرتنو بەکارهێنانی لەلایەن پارتو کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بۆ مەرامی هەڵبژاردنو بەرژەوەندیی سیاسییان.[28] ئەمە جگەلەوەی گەیشتنی ئەم پارتە بەدەسەڵات مایەی رەزامەندی رۆژئاواش بوو بۆئەوەی تورکیای تازە بەئەندامبوو لەناتۆ وەك لەمپەرێك لەبەرامبەر کۆمۆنیزم بوەستێ لەپەنجاکاندا، کەجەنگی سارد لەچڵەوپۆپەدا بوو.

قۆناغی سێیەمی گەشەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی - ئیسلامیی، ئەو قۆناغە بوو،کە ئەکادیمیستانی وەك مومتاز ئورهانو ئەرۆڵ گونگۆرو ئیبراهیم قەفەس ئۆغلوو عوسمان توران سەریانهەڵداو باسیان لەپێکەوەژیانی ئیسلامو ناسیۆنالیزمی تورك کردو لەو ڕوانگەوە ناسیۆنالیزمی تورکییان پێناسەکرد. سەرەڕای ئەوەی قوتابخانەی پێشنوێژو وتاربێژانو بزوتنەوەی لاوانی نەتەوەیی تورکو یەکێتی خوێندکارانی تورك لەچاندنی تۆوی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامییدا رۆڵیان هەبوو.[29] هەرچی قۆناغی چوارەمی گەلاڵەبوونی ئەم سەنتێزەیە، بریتییە لەقۆناغی دامەزراندنی ناوەندی رووناکبیران (مەشخەڵی رووناکبیران) لەساڵی 1970، کە بەبەهێزترین هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی ئیسلامو ناسیۆنالیزم لەقەڵەم دەدرێت، لەبەرئەوە لەو قۆناغەدا ئەو سەنتێزە زەمینەیەکی رێکخراوەیی بەدەستهێنا، چونکە بیروڕایان وابوو، کەئیسلام تەنها توخمێك نییە لەتوخمەکانی فەرهەنگیی تورك، بەڵکو میکانیزمێکی گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتیی.ئامانجی ئەوان داڕشتنی ئایدۆلۆژیایەك بوو، کەببێتە ئەلتەرناتیڤی کەمالیزم. هەروەك ئومێدەواربوون ئەو ئایدۆلۆژیایە ببێتە دیوارێکی ئایدۆلۆژیی پارێزەر لەبەرەنگاربوونەوەی هزری چەپدا، کە بەبەرپرسیان لەقەڵەمدا لەو پشێویو توندوتیژییەی، کەتورکیای گرتبۆوە لەئاخرو ئۆخری شەستەکانی سەدەی رابردوودا.[30]

لەلایەکیترەوە دڵەڕاوکێی سەرەکی ناوەندی رووناکبیران، دۆزینەوەی رێگەیەك بوو بۆ دەربازبوون لەو لاوازییە کولتورییەی، کەتورکیا لەو سەردەمەدا بەهۆی ژیانەوەی کولتوری نەتەوەیی

---

[25]. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2013، ص99.

[26]. خەلیل عەلی موراد: حزبە سیاسییەکانو مەسەلەی ئایین لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل(359-360)، تەلال یونس ئەلجەلیلی: پارتە سیاسییەکانو تەوژمی ئیسلامیی لەتورکیا 1946-1960، لەکتێبیگەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1946-2012)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013، ل33.

[27]. بیرین کوینجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلامو نەتەوەخوازیی لەتورکیا، ل170.

[28]. وليد رضوان: تركيا بين العلمانية والاسلام في القرن العشرين، ص68، بڕوانە عەباس خۆشناو: رەوشی ئیسلامو عیلمانییەت لەتورکیا، ل312.

[29]. جیکوب لاندرۆ: پانتورکیزم، سەدەیەك لەپەلکوتان بۆ فراوانخوازی، ل(273-274)، هەروەها بڕوانە بیرین کوینجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلامو نەتەوەخوازیی لەتورکیا، ل(170-171).

[30]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل229.

تورك‌و بەهێزكردنی ئەو توخمانەی، كەهەبوونی نەتەوەیی توركیان بەیارمەتی ئیسلام پێكهێنابوو، روبەڕووبۆوە. ئەوان بیروڕایان وابوو ئیسلام دەبێت وەك دژە ژەهرێك بۆ چوار گروپ لەدوژمنان بەكاربهێنرێت، ئەوانیش بریتیی بوون لە:(خوانەناسەكان، كۆمۆنیستو هیومانیستەكان، جودایخوازەكان- كوردەكان، فەندەمێنتالیستەكان). هەروەك ئایدۆلۆژیستانی ناوەندی رووناكبیران گرنگی ئیسلامیان وەك شیاوترین ئایین بۆ توركەكان زەقكردەوەو خستیانە نێو ناوەندی كولتوری تورك. بۆچوونیان وابوو توركبوونو مسوڵمانبوون لەڕوانگەو شوناسی نەتەوەییەوە قورساییەكی هاوشێوەیان هەیە[31]. دوای گەشەسەندنو گەڵاڵەبوونی، كۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980)تێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیی خستە بواری جێبەجێكردنەوە، هەم لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سێ ساڵەی سەربازو هەم لەسەردەمی هاتنی پارتی دایكی نیشتیمان دوای سەركەوتنی لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ساڵی 1983 بەسەرۆكایەتی ئۆزال، چونكە هەر لەدەسپێكەوەو لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا پارتی نێوبراو جەختی لەسەر ئیسلامو ئاسایشیی نێوخۆیی دەكردەوە[32]. تەنانەت باس لەوەش دەكرێت، كەتێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیی رۆڵی لەداڕشتنی دەستووری ساڵی (1982)ی توركیادا هەبووەو دووان لەئەندامانی ناوەندی رووناكبیران بوون بەئەندامی دیاری لیژنەی ئامادەكردنی دەستوور[33]. ئەگەرچی پارتی دایكی نیشتیمان پارتێكی ئیسلامی نەبوو، بەڵام نفوزی ئیسلامیی تێیدا زۆربوو، بەجۆرێك ژمارەیەكیان لەپۆستە سەركردایەتییەكانی حزبو حكومەتدا بوونو هەواداری تێزی توركی- ئیسلامیی بوون، سەرەڕای باكگراوەندی ئایینیو ئیسلامیی ئۆزالی سەرۆكی پارتەكە، كەكەسێكی مسوڵمانو باوەڕدارو پابەندبوو بەرێو رەسمە ئیسلامییەكانەوە، جگە باوەڕبوونی بەهزری لیبراڵیزم. لەلایەكیترەوە ئۆزال پەیڕەوكردنی تێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیی بۆ نەهێشتنو هاوسەنگ راگرتنی ناكۆكییە سیاسیو هزرییەكانی نێو پارتەكەی بەكارهێنا، كە تێكەڵەیەك بوو لەتوركیزمو ئیسلامیزمو لیبراڵیزمی نوێ[34]. دواتریش لەرێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی حكومەتەكەی پارتی نێوبراوەوە ئەم سەنتێزە بەفەرمی پیادەكرا، لەبەرئەوەی ئۆزال خۆشی لەهەوادارانی ئەو تێزە بوو، جگە لەوەی وەك سەرچاوەی كولتوری نەتەوەیی سەیری دەكرا، كەبەهای ئەخلاقیو رۆحیو كولتوری كۆمەڵگە پەروەردە دەكا ت[35]. پیادەكردنی تێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیی لەدەقە دەستوورییەكانەوە كاری لەسەر كراو دواتریش لەرێو شوێنەكانی حكومەتدا رەنگیدایەوە، بەشێوەیەك مادەی (34)ی دەستووری ساڵی 1982 پەروەردەكردنو فێركردنی لەهەردوو بواری ئایینو ئەخلاقدا خستە ژێر ركێفی دەوڵەتەوە. هەروەها فێركردنی فەرهەنگی ئایینیو ئەخلاقی لەپرۆگرامەكانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیدا كردە زۆرەملێ[36]. هەروەك حكومەت ژمارەی پەیمانگەكانی پێشنوێژو وتاربێژانی زیاد كرد، لەگەڵ بونیاتنانی مزگەوت بەخێرایی لەو شوێنانەی، كە مزگەوتیان تێدا نەبوو[37]. بەم شێوەیە كۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) زەمینەیەكی لەبار بوو بۆ سەرهەڵدانەوەو پیادەكردنی تێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیو دواتریش بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەكان چ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەربازو چ دوای هاتنی پارتی نیشتیمانی دایك(ANAP)پاش هەڵبژاردنەكانی ساڵی 1983 بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

**باسی دووەم- دەركەوتەو پیادەكردنەكانی تێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامیی بەرامبەر بەكورد**

خاڵێكی گرنگ، كە لەتێزی ئاوێتەكردنی توركی- ئیسلامییدا هەستی پێدەكرێت، بریتییە لەوەی تێزەكە جەخت لەبایەخی دامەزراوەكانی (خێزان، كۆمەڵگە، سەربازگە) دەكاتەوە، بەو پێیەی سێ كۆڵەكەی دامەزراوەیین، كەدەتوانن كۆمەڵگەیەكی

[31]. بوین كوینجو- لۆراسداغ: سەبارەت بەپرسی ئیسلامو نەتەوەخوازیی لەتوركیا، ل(173،171).

[32]. اندرو فنكل و وليم هيل: السياسة واجراواتها عام 1987 في الانتخابات العامة عام 1987، من كتاب اندرو فنكل و نوكهت سيرمان: تركيا، المجتمع والدولة، ص139.

[33]. د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی كەمالیزم، ل(233-234).

[34]. وليد رضوان: تركيا بين العلمانية والاسلام في القرن العشرين، ص(223، 232).

[35]. سیمتەن جۆشار: رۆڵی ناسیۆنالیزمی توركو ئیسلامی سوننە، ل(190-191)، خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی كەمالیزم، ل(262-264).

[36]. ميخائيل ليزنبرغ: الاسلام السياسي بين الكرد، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت(عبد الاله النعيمي)، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006، ص340.

[37]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی كەمالیزم، ل235.

ڕێکخراوو یەکگرتوو بەرهەم بهێنن، لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێزو یەکگرتوو، کەپێکرا لەگەڵ یەکتر بێنەوە[38]. لەلایەکیترەوە خودی کوودەتای (12ی ئەیلوولی 1980)و پێویستی پیادەکردنی سەنتێزەکە پڕکردنەوەی بۆشایی هزری بوو، لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی مەترسی ڕەوتی چەپو ئیسلامی سیاسیی[39] و گەشەکردنی جوڵانەوەی کورد بوو. هەروەك بەئاشکرا ئایدۆلۆژیستانی تێزینێوبراو ڕایانگەیاند بوو، کەیەکێك لەو دوژمنانەی تێزەکەی لەدژ پیادە دەکرێت، بریتییە لەجودایخوازەکان[40]، کەمەبەست جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بوو. بۆیە تێبینی دەکەینتێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی لەدوو ئاستدا پیادەکراو لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی حکومەتدا دەرکەوتن، کەبریتی بوون لە:زەقکردنەوەو قوڵکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتیی‌و تایەفییەکان لەنێو کوردو لەناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستانداو بەدیاریکراویش کێشەی عەلەوییەکان. لەگەڵ دەرکەوتن‌و پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی لەبواری سیاسیی‌و سەربازیی، کەخۆی لەدروستکردنی گروپی دژە گەریلاو حیزبوڵڵای تورکیدا دەبینییەوە. بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر هەردوو ئاستەکەو پێگەی کوردو ڕوانینی ئەم تێز بۆ کوردو جوڵانەوەی کورد شیبیکەینەوە.

**تەوەری یەکەم- قوڵکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتیی‌و تایەفییەکان دژی کورد (کێشەی عەلەوییەکان بەنموونە)**

پیادەکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی‌و تایەفیی لەلایەن تورکیاوە لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بەشێك بوو لەدەرکەوتەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی دژ بەکوردو جوڵانەوەی کوردو بەدیاریکراویش دژ بەپارتی کرێکارانی کوردستانPKK، چ لەرووی قوڵکردنەوەی سیستەم‌و شێوە ژیانی هۆزگەرایی‌و باڵادەستی عەقڵییەت‌و دەسەڵاتی خێڵگەرایی، چ لەرووی دروستکردن‌و زەقکردنەوەی کێشە ئیتنی‌و تایەفییەکان لەنێو کورد دا، بەتایبەتیش کێشەی عەلەوییەکان. لەبەرئەوە لەبنەڕەتدا تورکیا پێکهاتەیەکی ئیتنی‌و ئایینی‌و تایەفیی‌و زمانەوانی ئاوێتەی هەبوو، ئاراستەی پێکهاتنی ئیتنی (تورك- کوردو...تاد)و پێکهاتنی تایەفیی (سوونەو- عەلەویی‌و...تاد)ی تێدایە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕوویانکردە ئەو ئاراستانە، بەجۆرێك بتوانن پەرەسەندنی سیاسییان تەوق بدەن. بۆ ئەم مەبەستە هەستان بەبەهێزکردنی پێدراوی نەتەوەیی تورکیی دژی جوڵانەوەی کورد، لەڕێگەی زیاترکردنی جیاوازی جەمسەرگیریی نەتەوەیی لەنێوان کوردانی سوونەو کوردانی عەلەوییدا[41]. هاوکات لەرووی کۆمەڵایەتییەوە حکومەتی تورکیا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و بەها خێڵایەتیی‌و دابو نەریتە کلاسیکییەکانی لەناوچە کوردنشینەکاندا زیاتر هاندەداو پەرەسەندنێکی ڕێژەیی دەخستە نێویانەوە، بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێت بچێتە نێویانەوەو بونیادی کلاسیکیان تێدا بهێڵێتەوەو ڕیش سپی‌و سەرۆك هۆزەکانی دەکردە میانگیرێك لەنێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگەدا (تەنانەت بەشێکی گەورە لەچەکدارو هێزی جەردەوانانی گوند، کە بەناوی گوندپارێزانەوە لەهەشتاکانداو لەچوارچێوەی سیاسەتەکانیتری حکومەتی تورکیادا جێبەجێکرا، زۆربەیان کورد بوون‌و بەشێك لەسەرۆك هۆزە کوردییەکانیش دران بەگژ جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان)[42]. ئامانجی حکومەتی تورکیا لەمەدا بەرەنگاربوونەوەی گوتارینوێخوازیی جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان

---

[38]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم،س.پ، ل230.

[39]. منصور عبدالحکیم: ترکیا من الخلافة الي الحداثة، من اتاتورك الي اردوغان، دار الکتاب العربي، دمشق- القاهرة، 2013، ص134، وخلیل ابراهیم الطیار: الصراع بین العلمانیة والاسلام في ترکیا، مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، ابوظبي، 2004، ص45.

[40]. بوین کوینجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلام‌و نەتەوەخوازیی لەتورکیا، ل(171-172).

[41]. عقیل محفوض: ترکیا والاکراد، کیف تتعامل ترکیا مع القضیة الکردیة، المرکز العربي للابحاث ودراسة السیاسیات، الدوحة-قطر، 2012، ص41.

[42]. عەبدوڵا ئۆچ ئالان: داستانی ژیانەوە، گفتوگۆی یاڵچین کوچوك لەگەڵ عەبدوڵا ئۆچ ئالان، ل(200-201)، میرقاسم مۆمنی: بارودۆخی کوردەکانی تورکیا لە سایەی حکومەت‌و سوپای تورکیادا، و.(هاوڕێ یاسین محمد امین)، چاپخانەی(پەیوەند)، سلێمانی، 2011، ل52. مستەفا ئیبراهیم: ڕابوونی نەتەوەیی کورد لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006،ل255.

بوو، بەمەبەستی دروستکردنی قەمتو قۆرت لەنێو کوردو ناوچە کوردنشینەکان لەبەردەم گەشەکردنیدا[43]، هەروەکهۆزگەرایی‌و تایەفەگەرایی بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم کاری جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەهەشتاکان، بۆیە تورکیا کاری لەسەرورووژاندنی دەکرد، ئەوەش وەك دەرکەوتەیەکی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی-ئیسلامی، سەرباری ئەوەی بەسیاسیکردنی ئایین لەڕێگەی گەڵاڵەکردنی ئەم سەنتێزەوە بەهۆی ناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەند قۆرتێکی گەورە بوو لەبەردەم ڕەوتە چەپڕۆکان چ لەتورکیاو چ لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش[44].

لای هێندێك لێکۆڵەر ژمارەی عەلەوییەکان لەنێوان (15-20%) لەکۆی دانیشتووانی تورکیا دەخەمڵێنن. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هێزە سێکیۆلارەکاندا بوون بۆ ڕێگرتن لەنفوزی ئیسلامی، کەخەسڵەتی سوونەگەرایی لەتورکیا جێگیر بکات. بنەچەیان دەچێتەوە سەر شیعەی بەکتاشی‌و شیعەی زەیدی. عەلەوییەکان خۆیان وەك راڤەی ئەنادۆڵی تورکی بۆ ئیسلام لەقەڵەم دەدەن، واتە رێبازێکی ئایینی بن‌و وەك گروپێکی تایەفی نەك ئیتنی، لەنێوان کوردو تورکدا دابەشبوون، بەجۆرێ ڕێژەی عەلەوییەکان لەنێو کورد دا (بەرێژەی 30%و هێندێك سەرچاوەی تر 35%). هەروەها لەشێوەی دوو گروپ لەدوو ناوچەی تورکیادا دەژین، گروپی یەکەم لەناوچە نزیکەکانی سنووری سوریاو بەتایبەت لەپارێزگەی ئەسکەندەرونە(هاتای)و ئەدەنەو مێرسین‌و بەشێکی تریان لەئەستەمبوڵ‌و ئەنقەرەن. گروپی دووەم، کە بەعەلەوییەکانی ئەنادۆڵ دادەنرێن‌و لەنێو کوردان زیاتر لەپارێزگەکانی (بینگوڵ‌و دێرسیم‌و ئەرزنجان‌و سیواس‌و مەرعەش‌و مەلاتییەو..تاد)دا هەن. عەلەوییەکان لەڕێگەی یەکێك لەدیارترین سەرکردەکانیانەوە بەناوی (عیزەدین دۆغان)، دوای پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان لەساڵی 1983 زۆر هەوڵیدا لەپێناوی مافی عەلەوییەکاندا سازش بکات لەبەرامبەردا عەلەوییەکان پشتگیری کاندیدی پارتە سیاسییەکان بکەن، بەڵام پارتە سیاسییەکان پابەند نەبوون بەبەڵێنەکانیانەوە[45]. کارکردنی تورکیا لەنێو فەزای تایەفیی‌و بەتایبەت عەلەوییەکان، پێوەندیی بەوەوە هەبوو، کە پارتی کرێکارانی کوردستان توانیبووی تاڕادەیەکی زۆر ئاوێتەبوونێکی ئیتنی‌و تایەفیی سەرکەوتوو لەو قۆناغە لەرێکخستنەکانیدا لەنێو سەرکردەو کادرەکانیدا لەسوونەو عەلەویی لەتورکیاو لەنێو شێوە زارەکانی کوردییەکانی زازاو کرمانجی‌و ئەوانەشی بەتورکی قسەیان دەکردو ئەوانەی دیکەش، کەرەچەڵەکی ناتورکییان هەبوو، بەرجەستە بکات[46]. لەمبارەوە عەبدوڵا ئۆجەلان باس لەوە دەکات، کە ئەوان رێزی تایەفەی عەلەویی دەگرن‌و پێوەندی لەگەڵ شوێنکەوتەکانی پتەوتر دەکەن‌و بەرەو پێشی دەبەن. هەروەها هەوڵی کەمەندکێشکردنی تایەفەی سوونەشیان داوەو تاڕادەیەکی باش توانیویانە، گەلی کورد لەکۆتی دواکەوتوویی ئایینی‌و تایەفیی رزگار بکەن[47].

بەشێکیتر لەهۆکاری گرتنەبەری ئەم ساسەتە تایەفییەی حکومەتی تورکیا، پێوەندی بەوەوە هەبوو، کەعەلەوییەکان لەساڵانی شەستو حەفتاکانی سەدەی رابردودا، لەڕووی سیاسییەوە ناسنامەیان چەپ بوو، بەجۆرێك زۆرێك لەعەلەوییەکان هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بوون لەبەرامبەر ئایدۆلۆژیای راستڕۆی نەتەوەیی‌و ئیسلامی سیاسیی هەڵکشاودا. تەنانەت هێندێك لێکۆڵەر کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) بەدیوێکی تردا، وەك کۆدەتایەك شرۆڤە دەکەن، کەهەڵگری خەسڵەتی سیاسیی‌و تایەفیی‌و ئایینی بووە دژ بەعەلەوییەکان، کە بەو هۆیەوە تووشی هێدمە بوون[48]. بەو پێیەی عەلەوییەکان ڕێژەیەکی زۆریان لەنێو رێکخراوو پارتە سیاسییە چەپەکاندا بوون، تێبینی دەکەین دوای کۆدەتا، سەرجەم پارتە سیاسییەکان قەدەغەکران‌و دۆخی لەناکاوی راگەیەنراو تا ساڵی 1985 درێژەی کێشا، بڕیاری یاسایی بەسەر 30 هەزار سیاسییدا سەپێنرا، لەو ڕێژەیە نزیکەی (42%)ی عەلەویی بوون (لەکاتێکدا ڕێژەیان لەکۆی دانیشتووان 22%) بووە، ئەوەش نیشانەی ستەمێکی

43. عقيل محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، ص(40–42).

44. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، ص106.

45. عوني عبدالرحمن السبعاوي: الاقليات والطوائف في تركيا، http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/01615a54-5ad6-aa4-75bdd-6a48e8fb94e8، العلويون في تركيا، http://alrased.net/main/articles.aspx?selected_article_no=5191.

46. مارتن فان برونسن: طريق الكرد الى الامة، ص57، وانظر ايضا رستم محمود: القضية العلوية في تركيا، سلسلة دراسات واوراق بحثية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012، ص16.

47. الدين والثقافة ومكانتهما في تطور الانسانية في الشرق الاوسط، مطبوعات ازادي، منشورات الحركة الشعبية، ص119.

48. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، ص108.

روونی تورکیا بوو لەدژی عەلەوییەکان دوای کۆدەتا[49]. هەروەك لەم بابەتەدا لایەنێکی دیکەی کێشەکە پێوەندی بەخودی ئایین خۆیەوە هەبوو، بەو پێیەی ئایین توخمێکی ناوەندگەرایی دیکە لەتوخمەکانی فەرهەنگ پێکدەهێنێت، بۆیە دەبینین ئەویش رۆڵی هەبوو لەدابەشبوونی کورد چواچێوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتیو تایەفییەکاندا، بەهۆی پابەندنەبوونی شوێنکەوتووانی کوردانی سوونەو کوردانی عەلەوی بەرێو رەسمە ئایینییەکانی یەکترییەوەو لەولاشەوە لەزۆرزانیاری ئایینیدا جیاواز بوون لەیەکتری، تەنانەت لای بەشێك لەزانایانی سوونە گروپی شیعە بەهەموو ئاراستەکانیانەوە لەخانەی گروپە گومڕاو سەرلێشێواوەکاندان. هەروەها عەلەوییەکان بەگشتی لەرووی ئینتیماوە، رەچەڵەکی خۆیان نابەنەوە سەر رەچەڵەکی کوردانی سوونە، ئەوەندەی دەیبەنەوە سەر نەوەی تایەفەکەیان لەئیتنی تورك[50]، جگە لەوەی دەوڵەت کاریکردووە، کە ئینتیمای عەلەوییبوون وەك ئینتیمای ئایینی زەقبکاتەوە لای عەلەوییەکان، بەوەی شێوەیەکی میللیی تورکین. لەلایەکیتریشەوە ئیسلامو کوردیش بەو جۆرە بەکاردەهێنرا، کە سوونەیەو زیاتر لایەنی ئینتیما ئایینیو تایەفییەکە بگرێتەوە، نەك پەیوەستییە نەتەوەییەکەی. ئەمەش مەترسی گەورە بوو بۆ جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان[51]. عەلەوییەکان لەبەرامبەر ئەم مامەڵەو سیاسەتەی حکومەتدا بۆچوونیان وابوو، کەئەمجۆرە مامەڵانە پێوەندییان بەزیهنییەتی سیاسیی سیستەمی فەرمانڕەواییەوە هەیە، کە کۆماری تورکیاش هەندێ گرێی دەوڵەتی عوسمانی بۆماوەتەوە، بەتایبەت بەرامبەر گروپە مسوڵمانە ناسوننەکان[52]. هەروەك دەوڵەتی تورکیا لەکۆتایی حەفتاکانەوە گەنجانو گروپی سوونەی هاندەدا لەدژی عەلەوییەکان، کەهەڵگری ئایدیای چەپڕۆیی بوون. بۆیە بەریەککەوتنی گەورە روویدەدا، بەتایبەت لەشارەکانی سیواسو مەرعەش، زیاتریش لایەنی ئیتنی گرنگ نەبوو، بەڵکو ئینتیمای ئایینی رۆڵی دەبینی. لەبەرئەوە کوردانی سوونە پشتگیریی رەوتی

راستڕۆی تورکیایان دەکرد[53]. هەروەك کوشتاری مەرعەش، کە لە(25ی کانوونی یەکەمی 1978) دژی ناوچە کوردییە عەلەوی نشینەکان روویدا، لەنێوەڕۆکدا دژی جموجوڵو چالاکی PKK ش بوو، چونکە سەرەتای چۆڵکردنی کوردستان بوو لە رێگەی گوشار خستنەسەر عەلەوییەکان، لەبەرئەوە ئەم رووداوە وردە وردە لاوازیکردنو لەناوچەکانی خۆیان هەڵاتن. جگە لەوەی لەناوچەکانی مەلاتیەو ئادیامان کوشتوبڕ کرا بوو.ئەمەش رووداوو تراژیدیایەکی گەورەیە لەمێژووی هاوچەرخی تورکیاو کوردانی عەلەویو نەتەوەی کورد بەگشتیی[54].

لەساڵانی هەشتاکان دەوڵەتی تورکیا بەردەوام بوو لەدژایەتی عەلەوییەکان، بەجۆرێك گوندە عەلەویی نشینەکان نوقمی مزگەوت کرانو سیاسەتێکی سوننەگەرایی بەهێز لەدژیان پیادە کرا، کە بەهەڕەشەی ناوەوە ناودەبرێت، سەرباری ئەوەی ئەو گوندانەی عەلەوییەکان، کەگومانی ئەوەیان لێدەکرا هاوکاری جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن، بەشێوەیەکی سیستەماتیکی تێکدەدرانو گوندە سوننە نشینەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە دژ بەمەترسی جوڵانەوەی کورد چەکدار دەکران[55]. لەراستیدا تورکیا ئەم سیاسەتو مامەڵە کۆمەڵایەتیو تایەفییەی، کە لەچوارچێوەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیدا پەیڕەو دەکرد، دژ بەجوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستانPKK بوو، بەهۆی ئایدۆلۆژیا مارکسییەکەیو بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی، کەچینێکی فراوان لەکوردانی عەلەویی ئەندام بوون لەریزەکانیدا[56]. هەروەها تورکیا تارادەیەك سەرکەوتوو بوو لەرێگەی ئەم سیاسەتو سەنتێزەوە لەبەرنگاربوونەوەی PKK دا، لەرێگەی هێنانەئارای تەرزێك لەئاست هەڵوێستو تێڕوانینی ئەو پارتە بۆ ئایین، چونکە پەکەکە

[49]. رستم محمود: القضية العلوية في تركيا، ص14.

[50]. مارتن فان برونسن: طريق الكرد الى الامة، ص(34-37).

[51]. ميخائيل ليزنبرغ: الاسلام السياسي بين الكرد، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، ص345.

[52]. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، س115، وانظر مارتن فان برونسن: طريق الكرد الى الامة، ص63.

[53]. سامي زبيدة: الدين والاثنية بوصفهما حدودا مسيسة، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق، ص157.

[54]. جميل بايك: تاريخ حزب كارگران كردستان PKK، ج(اول)، چاپخانه(ازادى)، 2006،ل(158-159)، بڕوانە بروسكەی ئۆجەلان بەبۆنەی 18هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی PKK، ر(وڵات)، ژ(210)، دووشەممە(2 کانوونی دووەمی 1996)، ویادی 19ساڵەی دامەزراندنی PKK، ر(وڵات)، ژ(ت)، پێنجشەممە(27 تشرینی دووەمی1997).

[55]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل(139،117).

[56]. مارتن فان برونسن: طريق الكرد الى الامة، ص66، وانظر عقيل محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا...، ص(42-44).

تاکۆتایی هەشتاکان لەگەڵ ئایینو ئیسلامی سوننەگەرادا ئینجا ئاشتبۆوە، گەرنا لەڕوانگەی بیروباوەڕە مادیو سەرچاوە هزرییەکەی، کە سۆسیالیزمی زانستیو مارکسیزم- لینینیزم بوو، دەیڕوانییە ئایین. ئەو کرانەوەیەش وەك هەوڵێك بوو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیو سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا لەهەشتاکان لەناوچە کوردنشینە سوننەکانی باکووری کوردستان، کەدیسان لەلایەکی ترەوە کێشەی لەگەڵ عەلەوییەکاندا بۆ دروستکرد[57]. ئەم گوشارانەی حکومەت لەسەر عەلەوییەکان کاریگەری هەبوو لەوەدا، کەبیر لەزیندووکردنەوەی ناسنامەی ئایینیان بکەنەوە، ئەگەرچی لەتورکیادا دان بەعەلەوییەکان نەنرابوو وەك کەمینەیەکی ئایینیو هیچ پێوەندییەکیشیان بەدامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتەوە نەبوو، جگە لەبەشداریکردنی هێندێك بەرپرسی حکومی لەبۆنەو رێو رەسمە ئاینییەکانیاندا نەبێت. بۆیە پاشەکشەکردنی سێکیۆلاریزمو رەوتی چەپڕۆ لەو وڵاتەو لەولاشەوە هەڵکشانی بەئیسلامیزەکردنی دامەزراوەیی، عەلەوییەکانی هاندا بەرەو کاری فەرهەنگیو ڕووناکبیریو ئایینو برۆن[58]. هاوکات کرانەوەی تورکیا لەهێندێك قۆناغ لەگەڵ عەلەوییەکان بەدیدەکەین، کەهانی دەدان بۆ زیندووکردنەوەی ئینتیماو شوناسی تایەفیو ئایینیان، بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی جوڵانەوەی کورد، بەو هۆیەوە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەو یانەی عەلەویی دامەزران بەتایبەت لەدەرەوەو لەنێو رەوەندی تورکیو کاریکردە سەر ئەوەی زۆرێك لەچالاکوانە عەلەوییە چەپڕۆکان، کە لەریزی رێکخراوە چەپڕۆ کوردییەکاندا بوون بچنە نێو ئەو یانەو رێکخراوو دامەزراوە ڕووناکبیریانەی عەلەوییەکان. بۆیە عەلەوییەکان وازیان لەناسنامەی عەلەوییەتی خۆیان هێنا، کەپێوەندیی لەگەڵ هزری مارکسیزم- لینینیزمدا هەبوو، بەڵکو وایان ڕوانییە عەلەوییەت، کەنەتەوەیەو عەلەویستانیش نیشتیمانیانە[59].

## تەوەری دووەم- پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی لەبواری سیاسیو چەکدارییدا" دروستکردنی حزبوڵلا بەنموونە "

یەکێکیتر لەدەرکەوتەو پیادەکردنەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی دژی جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستانPKK، بریتی بوو لەدژایەتیکردنی سیاسیی پارتەکە بەئامرازە ئایینییەکانو لەولاشەوە بەرەنگاربوونەوەی بەشێوازی چەکداریو بەدیاریکراوی دامەزراندنی رێکخراوێکی چەکداریی بوو بەناوی حیزبوڵلا، کەزیاتر لەناوچە کوردنشینەکانی باکووری کوردستاندا ئەندامو نفوزی هەبوو، لەبەرئەوەی PKKلە رۆژی (15ی ئابی 1984) خەباتی چەکداریی لەناوچەکانی هەکاریو شرناخ دژ بەتورکیا بەچەند پرۆسەیەکی چەکداریو گەریلایی راگەیاند[60]. بۆیە تورکیا دەیویست بەشێوازی چەکداریش رووبەڕووی ببێتەوە.پێشوەخت لەڕووی سیاسییەوەو لەلایەن حکومەتی تورکیاوە هەر ساڵێك دوای کۆدەتاو لەساڵی 1981دا لەدامەزراوەی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی بەشێك بەناوی (بەشی ئیرشاد) کرایەوە، لەپێناوی دژایەتیکردنی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لەناوچەکانی باکوری کوردستان. هەر لەو دەمەدا ئەو بەشە بەشێوەیەکی رێکخراو هەڵدەستا بەرێکخستنی کۆڕو سیمینار لەو نێوچانە، بەمەبەستی شرۆڤەکردنی مەترسییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانPKKو ئایدۆلۆژیا مارکسییەکەی[61]. هەروەك لەڕووی چەکداریشەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی پەکەکە، حکومەت هەستا بەدروستکردنی رێکخراوێکی چەکداریی بەناوی حیزبوڵلا، کە بەناوی(حیزبوڵلای تورکیو حیزبوڵلای کوردی)یش ناودەبرێت. ئامانجی حکومەت لەمەدا تەوقدانی جوڵانەوەی کورد بوو[62]. بۆیە حیزبوڵلا هەر زوو چالاکی دژی پەکەکە دەستپێکردو بە (پارتی کافرانی کوردستان) شرۆڤەی کرد[63]. پێشتریش حکومەتی تورکیا گروپی دژە گەریلا پێکهێنابوو لەگەڵ هێندێك گروپی ئیسلامیو رەوتی راستڕۆی توندڕۆی هانیدەدان دژی پەکەکە، بەڵام حیزبوڵلا

---

[57]. عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ص160.

[58]. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، ص(73،106، 108).

[59]. مارتن فان برونسن: طريق الكرد الي الامة، ص(64،85).

[60]. علی ساریخان: دو دوره مبارزه حزب کارگران کردستان: 1984 تا 1999 و 2004 تا 2010، در کتاب فوزی بیلگین و علی ساریخان: شناخت مسئله کرد در ترکیه، مترجم(ازاد حاجی ئاقایی)، نشر پانیز، تهران، ص189.

[61]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل237.

[62]. عقيل محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، ص47.

[63]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل294.

بەدیاریکراوی بەرپرس بوو لەژمارەیەك کەیسی کوشتنو تیرۆرکردنو رفاندن[64]، کەدژی خەڵکانی نەتەوەیی کوردو ئەندامو لایەنگرانی پەکەکەو رۆژنامەنووسو نوسەرانی تورکی دۆستو هاوسۆزی پەکەکەو کێشەی کورد لەباکورو ئەم کردانەشی لەسەرانسەری تورکیا ئەنجام دەدان. تورکیا دنەی ئەم رێکخراوەی دەدا بۆ کوشتنو ئازاردانی هەموو ئەوانەی گومانیان لەسەر بووایە، کە ئەندامی PKK یان دۆستایەتییان دەکەن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش بوون، لە کاتێکدا سوپا خۆی بە پارێزەری سێکیۆلاریزم دەزانی[65]. هەروەك هێندێك لێکۆڵەر بەرپرسیارێتی کوشتنو تیرۆرکردنی نزیکەی 4500 روناکبیری کورد، کەتیرۆر کراون بۆ ئەم رێکخراوە دەگێڕنەوە[66]. رەنگە ژمارەکە ئەوەندە نەبێت، یان ورد نەبێت، بەڵام ئاماژەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەو رێکخراوە کردەکانی کوشتنو تیرۆرکردنی ژمارەیەکی زۆری لەناوچە کوردییەکانو ناوچە جیاوازەکانی تورکیاشدا ئەنجامداوە.

سەبارەت بەم رێکخراوە چاودێران پێیانوایە سەرەتا لەنێو وەزارەتی نێوخۆی تورکیادا بووە، کاتێك رێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) لە ساڵی 1950 رێکخراوەکانی (Gladeo) دامەزراندووە، کەسەر بەدەزگەی هەواڵگریی ئەمریکا(CIA) بوون لەو دەوڵەتانەی لە ژێر چەتری ناتۆدا بوون، بۆ لەنێوبردنی کۆمۆنیزم لەسەردەمی جەنگی سارددا. لەمبارەوە بوڵەند ئەجەوید[67] ئاماژە بەبوونی لقێکی CIA لە فێرگەی راهێنانی سەربازیی لە ساڵی 1974 دەکات، بە پشتبەستن بەپرۆتۆکۆلی ئاساییشیی ئیمزاکراوی نێوان ئەمریکاو تورکیا لەماوەی ساڵانی پەنجاکانەوە[68]. هەروەها هێندێك بۆچوونی دیکە، بەمجۆرە باس لەحیزبوڵلا دەکەن:"گروپێکی چەکداری چالاك بووە لەتورکیاو پێوەندی بەحیزبوڵڵای لوبنانییەوە نەبووە. زۆربەی ئەندامەکانی کوردن. ئەوانە مێزەر بەسەرو پانتۆڵ فشو کوتەك بەدەستنو کێردی قەسابان هەڵدەگرن. ئەو تاوانی کوشتنانەی بەم کێردانە ئەنجامدەدرێن هەمیشە وەك نیشانەیەك بۆ حیزبوڵلا دەردەکەون. زۆربەی کوردان لەو باوەڕەدان، کەحکومەتی تورکیا حیزبوڵڵای لەساڵی هەشتاکاندا دامەزراندووە بۆئەوەی هێرشی پێبکەنە سەرپەکەکەو لایەنگرانی. لەکاتێکدا رەخنەگران هێزە ئاسایشییەکان بەتێوەگلان لەزۆربەی کوشتنە نادیارەکان تۆمەتبار دەکەن، حکومەت ئۆباڵی زۆربەی ئەوانەی خستۆتە سەر حیزبوڵلا"[69]. سەبارەت بەرێبەرایەتیکردنی رێکخراوەکەش بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکەن:"لەگروپە نیمچە سەربازییەکاندا دەسەڵاتی رێبەرایەتیی شاراوەیە. لەباکووری کوردستان هێزە سەربازیو نیمچە سەربازییەکان بێ رێبەرایەتییەکی هاوبەش کار دەکەن. سەربازەکانی لەشکرو ئەندامەکانی تیمە تایبەتەکان لە سایەی وەزارەتی جیاوازن، پۆلیسو جەندرمەش. هەریەك لەگروپە نیمچە سەربازییەکان وەك- تیمە تایبەتەکان، ژیتەم، دژە گەریلاکان، گورەگە بۆرەکان، هەروەك سوپای تایبەت، کە لەپاسەوانانی گوندەکان پێکدێن– رێکخراوو سەرکردایەتی خۆیان هەیە، لۆردەکانی جەنگ، ئەوانەی زۆربەی جار لەململانێیەکەدا قازانج دەکەن[70]".

هۆکاری ئەوەی بۆچی حکومەتی تورکیا گروپی نیمچە سەربازیو دژە گەریلاو رێکخراوێکی وەك حیزبوڵڵای لەچوارچێوەی

---

64. کولستان کورباي: تطور الحركة القومية الكوردية في تركيا منذ الثمانينات القرن العشرين، من كتاب هنري باركي واخرون: القضية الكردية في تركيا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسة موكرياني للبحث والنشر، 2007، ص55.

65. جاناتان رەندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، 2007، ل384.

66. جويس بلاو: اللغة الثقافة في تكوين الهوية الكردية، من كتاب الاثنية والدولة، ص174.

67. بوڵەنت ئەجەوید: لە(1925/5/28) لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە. ساڵی 1931 چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی ئەندازیار کەمالو پاشان ناوەندی ئەتاتورکو کۆلێژی(رۆبرت)ی ئەمریکی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووەو بەکالۆریۆسی لە ئاداب بەشی وەرگێڕان ساڵی 1944 بەدەستهێناوە. بەشداری گفتوگۆکانی دانانی دەستووری ساڵی 1961 کردووەو ساڵانی(1961-1965) وەزیری کار بووە. ساڵی 1972 بۆتە سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریو 6 جار بۆتە سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەم شێوەیە: حکومەتی یەکەم لە(1974/1/26) تا(1974/11/17). دواتر چەند جارێکیتر حکومەتی پێکهێناوە. ئەجەوید بە تەوژمی چەپی تورکیی ئەژمار دەکرا، کە سیاسەتی چەپی نێوەندیی پێڕەو دەکرد. پاشان پارتی چەپی دیموکراتی دامەزراند. رۆژی یەك شەمەی تشرینی دووەمی 2006 کۆچی دوایی کردووەو لە ئەنقەرە ئەسپەردە کراوە. د.حامد محمد طه السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني، ص239.

68. ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا،ص299، و هيئة التحرير: عصابات الكونترا طريلا التركية، (ولَات)، ع(30)، الحلقة الاولي، الاثنين (1994/9/5).

69. کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان، و.(یاسین سەردەشتی)، چاپخانەی (روون)، سلێمانی، سلێمانی، 2011، ل291.

70. هـ.س، ل292.

پیادەکردنو دەرکەوتەکانی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە دامەزراندبوو، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە پەکەکە لەبنەڕەتدا وەك پارتێکی چەکداریی نارێکخراو، واتە نانیزامی، دامەزرا، شێوازی خەباتی چەکدارییەکەشی جەنگی گەریلایی بوو، کە کەمتر روبەڕووبوونەوەی چەکداریی دەکاتو زیاتر کردەی چەکداری بەشێوەی پارتیزانیو گەریلایی ئەنجامدەدا، بەجۆرێك ئامانجەکە بەدیهێنێتو دواتر پاشەکشەی دەکرد، بۆئەوەی زیانی گیانی کەمی بەربکەوێت، نەك روبەڕووبوونەوەی سەربازیی، چونکە تورکیا وڵاتێکی بەهێز بوو لەڕووی سەربازییو کەرەستەی پێشکەوتووی جەنگییەوە، هاوکات هەڵکەوتەو جوگرافیای ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستانو بەدیاریکراویش ئەو نێوچانەی، کە پەکەکە چالاکیو کردەی گەریلایی تێدا ئەنجام دەدا زیاتر سەختو شاخاویی بوونو تایبەت بوون بەشێوازی جەنگی گەریلایی. مەبەست لەجەنگی گەریلاییش ئەو جەنگەیە، کە بەشێوازێکی پێشکەوتووی جەنگ دادەنرێت، بەجۆرێك لە نێوان دوو هێزی ناهاوسەنگ روودەدات، کەلایەنێکیان بەهێزێکی بچووكو توانایەکی زۆر کەمەوە، روبەڕووی هێزێك دەبێتەوە، کە لەڕووی چەکدارییو تەکنەلۆژییەوە خاوەن توانایەکی زۆرە[71]. هۆکاری ئەوەش، کەرێکخراوی حیزبوڵڵا ناسنامەو شوناسێکی ئایینیو ئیسلامیی هەبوو، ئاشکرا بوو، کە بۆخۆی یەکێك لەمیکانیزمو دەرکەوتەکانی پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی بوو، بۆیە ئەو ناسنامە ئایینیەی پێوە لکێنرا، هەر خۆی لەبنەڕەتدا ئەندامو چەکدارەکانی کەسانی ئایندار بوونو بەبیانووی بەگژاچوونەوەی بێباوەڕی پەکەکەو بیروڕا مارکسییەکەی، گوایە بەرەنگاریان دەبنەوە، بەڵام دیاربوو، کەبەشێکن لەسیاسەتەکانی حکومەت لەتەنیشتی سیاسەتەکانی تری لەساڵانی هەشتاکاندا. هەروەك نهێنی ئەوەش، کەزۆربەی ئەندامەکانیان کوردبوونو شوێنی چالاکیو کردەکانیان ناوچە کوردنشینەکانی باکووری کوردستان بوو، دیسان روون بوو، کە لەلایەك بۆ وروژاندنی کوردانی ناوچە کوردییەکان بوو، بەو پێیەی خەڵکێکی ئیندار بوونو ئایین رۆچوو بووە ژیانیانەوە، لەلایەکیتریشەوە زۆربەی دانیشتووانی کوردو ناوچە کوردنشینەکان پشتو پەنای پارتی کرێکارانی کوردستان بوون، چ لەدەستپێکردنی خەباتی سیاسیی،پاش گواستنەوەی خەباتەکە لەئەنقەرەوە، چ لەناردنەوەی گروپە چەکدارییەکان لەلوبنانەوە، دوای کۆنفرانسی یەکەمی پارتەکە لەساڵی 1982، بۆ ناسینی جوگرافیایناوچەکانو ئامادەکاری بۆ راگەیاندنی خەباتی چەکداریی لەساڵی 1984، بۆئەوەیحیزبوڵڵا لەناوچە کوردییەکانەوە زیانیان پێبگەیەنێت.

بەمجۆرە دەبینین حکومەتی تورکیا لەرێگەی ئەم دوو دەرکەوتەیەوەو لەچوارچێوەی پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیی کاری لەسەر تەوقدانی مەترسییە سیاسییو چەکدارییەکانی جوڵانەوەی کوردو پەکەکە لەساڵانی هەشتاکانو دواتریشدا کردو تاڕادەیەك توانی لەڕێگەی ئامرازە ئایینییەکانەوە زیان بەخەباتی جوڵانەوەی کوردو پەکەکە بگەیەنێت، ئەگەرچی PKKبۆخۆیشی زیاتر لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ ئاییندا ئاشتبوویەوەو بایەخی بە تەوزیفکردنی ئایین لە چوارچێوەی خەباتی رزگاریخوازیی کورددا، بەڵام ئۆجەلان خۆی لە سەرەتاوەو بەرلەوەی بۆ خوێندن بچێتە ئەنقەرە، مسوڵمانێکی باوەڕدار بووە، تا ئەو رادەیەی بڕوای بەوە هەبووەلەرێگەی ئایینی ئیسلامەوە شۆڕشێکی ئایینی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کورد بەرپا بکات[72]. لەبارەی ئایینەوە ئۆجەلان دەڵێت:"ئێمە رێز لە ئایینەکان دەگرین، ئایین بریتییە لە ئایدۆلۆجیای شۆڕش. بۆیە دەرچوونو دەرکەوتنی ئایین، بریتییە لە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕیی[73]". لەشوێنێکی تردا هاتووە:"ئا ئەمە بریتییە لەئیسلام، کە شۆڕشێکی سیاسییەو رێگەی خۆشکرد بۆ لە دایکبوونی ژیارێکی مەزن"[74]. هەر لەمبارەوە باس لەوە دەکات، کە:"ئێمە لەگەڵ کرۆکی ئاییندایین بۆ شەڕو وەستانەوە لە دژی

[71]. رێبوار: بۆچی PKK جەنگی پارتیزانی هەڵبژارد؟ ر(وڵات)، ژ(92)، دووشەممە(1995/9/18).

[72]. عبدالله اوجلان: التاريخ مخفي في يومنا ونحن مخفيون من بداية التاريخ، مطبعة(روناهي)، 2003، منشورات مدرسة مظلوم دوغان للكوادر، ص(74-75).

[73]. الدين والثقافة ومكانتهما في تطور الانسانية في الشرق الاوسط، ص(122-123).

[74]. عبدالفتاح علي يحيي البوتاني: حزب العمال الكردستاني، نشاته وتطوره، من كتاب: خليل علي مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها علي دول الجوار، 1994، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركية، ص121، بڕوانە مەکتەبی ناوەندی(پ.د.ك): PKKو رۆڵی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا، ل34.

زوڵمو بۆ ئازادیی‌و یەکسانیی"[75]. بۆیە لەو روانگە شۆڕشگێڕییەی ئایین بەگشتیی‌و ئایینی ئیسلام بەتایبەت، نیگاو هزری شۆڕشگێڕیی وەرگرتووە[76]. بەمشێوەیە تێزی(ئاوێتەکردنی تورکیی–ئیسلامیی) هەمان هەڵەی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم یاخود ئەتاتورکیزمی دووبارەکردەوە، وەختێك پشتی کردە فرەیی نەتەوەیی لەتورکیا، بەتایبەت کوردان، کەدووەم گەورە نەتەوەن لەوڵاتدا لەپاش تورك. بۆیەشە ئەو هەوڵانەی دران لەچوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆژیایەدا بۆ دوورخستنەوەی کورد لەجوڵانەوەی نەتەوەیی کورد هیچ سەرکەوتنێکی گرنگی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا، بە بەڵگەی هەڵایسانی جووڵانەوەی چەکداریی کورد لەهاوینی 1984و گەشەسەندنی لەساڵانی پاشتردا. جیاوازییەکەش لەو راستییەوە دەردەکەوێت،سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینیی، کەبەنێوی ئیسلامەوە کۆنگرەو سیمینارو گردبوونەوەی لەشارە کوردییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا رێکدەخست بۆ دژایەتیکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیی، بۆ ئەوەی کوردان "هاوڵاتی تورکی لایەنیگر"و پابەند بن، لەهەمان کاتیشدا کاری دەکرد لەسەر چەسپاندنی ناسیۆنالیزمی تورکیی، دیسانەوە بەنێوی ئیسلامەوە[77].

**ئەنجامگیریی**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

• رەگو ریشەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکیی-ئیسلامیی دەگەڕێتەوە بۆ نێو جۆرەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی لەژێر کاریی ئاییندا، بەدیاریکراوی لەچوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئامرازی باوەڕمەند، کە لەبنەڕتدا بەچەند قۆناغێکی مێژوویدا تێپەڕیوەو زیاتر دوای کۆدەتای (12ی ئەیلوولی 1980) لەلایەن سەرانی کۆدەتاوە کار لەسەر پیادەکردنی کرا، لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی، روبەڕووی رەوتی راستڕۆی تورکیا ببۆوە لەئیسلامی سیاسیی‌و رەوتی چەپڕۆ بەگشتیی‌و هەڵکشان‌و گەشەکردنی جوڵانەوەی کورد بەتایبەت.

• تێزی ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی لەفەزای کۆمەڵایەتیی‌و تایەفییدا کاری کردووە، بەدیاریکراویش چۆنێتی کارکردن لەنێو عەلەوییەکاندا، کەرێژەیەکی گەورەیان لەنێو کورد دا بوون، بەو پێیەی پێوەندیان بەجوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەبوو، ژمارەیەکیشیان لەسەرکردایەتی ئەو پارتەدا بوون. بۆیە حکومەتی تورکیا جگە لەئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لەدژیان، هاوکات درێغی نەکردووە لەدروستکردنی جیاوازیی تایەفیی هەوڵی زیندووکردنەوەی ناسنامەی عەلەوییەکان وەك ناسنامەیەکی ئایینی تورکیی، بەدەر لەناسنامە نەتەوەییەکە، ئەوەش بەئامانجی دوورخستنەوەیان لەجوڵانەوەی کورد.

• تێزی ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی چ وەك پێدراوێکی هزریی لەسەرەتای دەرکەوتن‌و پشکوتنی‌و چ دواتر دەرکەوتەکانی وەك بەشێك لەسیاسەتی حکومەتی تورکیا لەساڵانی هەشتاکاندا، زیاتر کاری لەسەر داگیرکردنی زیهنییەتی مرۆڤی باوەڕداری کورد کردووە، بەو پێیەی لەهەر قۆناغێکدا بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی تورکیی، پێویستی کردبێت لەپێناوی بەپاشکۆکردنی مرۆڤی کورد لەرێگەی کاریگەریی‌و کارایە ئایینیەکانەوە پیادەکراوە. دامەزراندنی رێکخراوی حیزبوڵلا لەناوچە کوردنیشینەکان‌و بوونی زۆربەی کوردان لەریزەکانیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەباتی رزگاریخوازیی کورد بەرێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڵگەیەکی روونی ئەم زانیارییەیە.

• لەروانگەی تێزی ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامییەوە، کوردو جوڵانەوەی کورد بەشێك بوو لەمەترسی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی لەسەر ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا. بۆیە لەرێگەی دەرکەوتەو پیادەکردنەکانی ئەم سەنتێزەوە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی جوڵانەوەی کورد دراو کار بۆ سنووردارکردنی گەشەکردنی زیاتری لەناوچە کوردییەکان‌و عەلەوییەکاندا کرا، بەپشتبەستن بەسۆزو کاریگەرییە ئایینیەکان، لەرێگەی خستنەڕوو کارلەسەرکردنی ئایدیای پارتی کرێکارانی کوردستان وەك ئایدیایەکی بێباوەڕیی‌و چەپو مارکسیی، کەدژی ئایین‌و داب‌و نەریتی کورد بێت لەتورکیادا.

• بوونی ئایدیای چەپڕۆیی جوڵانەوەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان‌و درەنگ کرانەوەی لەگەڵ ئایین بەگشتیی‌و ئیسلام بەتایبەت رۆڵی هەبوو لەوەدا، هەم حکومەتی تورکیا ئەم سەنتێزە لەدژی جوڵانەوەی کورد پیادە بکات، هەم کار

---

[75]. ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، ل(188-189)، وئۆجەلان: هەموو باش دەزانین عیبادەتی هەرە مەزن شەڕو جیهادە، ر(وڵات)، ژ(230)، پێنج شەممە(1997/4/13).

[76]. عبدالله اوج الان: اسلامو میهن دوستی، جامعه کردستانو طرح ترور من، ت(محمد رئوف مرادی)، مؤسسه چاپو انتشارات دانشگاه تهران، 1383، ص(19-20).

[77]. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل(239-240).

لەزیهنییەتی مرۆڤی باوەڕداری کورد لەتورکیاش بکاتو بیکات بەگژی جوڵانەوەی نەتەوەییەکەیاندا.

• ئەم سەنتێزە نەك تەنها لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەرانی کۆدەتا جێبەجێ کرا، بەڵکو بەهاتنی پارتی دایکی نیشتیمانیش بەڕێبەرایەتی تۆرگۆت ئۆزال، زیاتر پەرەی پێدراو خرایە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتەوەو بەتۆبزی پیادەکرا.

• سەرەڕای پیادەکردنی تێزی ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامیو دەرکەوتەکانی لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی تری حکومەتی تورکیا بۆ تەوقدانی جوڵانەوەی کورد، بەڵام ئەو جوڵانەوەیە توانی ئەو بەربەستانە تێکبشکێنێتو کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروست بکاتو زیاتریش گەشە بکات لەپێناوی بەدیهاتنی چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتە.

• دواجار ئەم سەنتێزە ئاماژەیەکی گرنگە لەلایەك بۆ خستنەڕووی مەترسیداریو بەکارهێنانی ئایین دژی جوڵانەوەی کورد بەدرێژایی زۆر قۆناغی مێژوویی، لەلایەکیتریشەوە ئاستەکانی کاریگەری لەسەر زیهنییەتی تاکی باوەڕدارو مسوڵمانی کورد، کەچەند بەئاسانی دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە ئایینیانەوە، بێئەوەی خۆی خاوەنی خوێندنەوەیەکی ئایینیو نەتەوەیی تایبەت بەخۆی بێت بەرەچاوکردنی بەرژوەندییە باڵاکانی جوڵانەوە رزگاریخوازییەکەیو رەوایی خەباتی سیاسیی، کە ئەم دیاردەو کێشەیە لەداهاتوودا پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زۆروردتر هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان


1. جاناتان رەندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، چ1، 2007.
2. جیکوب لاندرۆ: پانتورکیزم، سەدەیەك لەپەلکوتان بۆ فراوانخوازی، و.لەفارسییەوە(د.ئەبوبەکر خۆشناو)، چ1، چاپخانەی (سەردەم)، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، 2009.
3. حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ ، و.(نەجاتی عەبدوڵڵا)، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009.
4. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازی بەرامبەر بەئیسلامو بزاوتی ئیسلامی لەتورکیا 1950- 1997، و.لەعەرەبییەوە.(د.سەلام عەبدولکەریمو بەرزانی مەلا تەها)، چ1، دەزگای جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی، 2015.
5. سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا 1980- 1999، چ1، چاپخانەی (پەنجەرە)، تاران، 2015.
6. عەبدوڵا ئۆج ئالان: داستانی ژیانەوە، گفتوگۆی یاڵچین کوچوك لەگەڵ عەبدلا ئۆج ئالان.
7. فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.
8. قەیس جەواد ئەلعەزاوی: رەگ و ریشەی ناسۆنالیزمی تورکی، و.لەفەرەنسییەوە (د.موحسین ئەحمەد عومەر)، چ2، چاپخانەی (بەردان) ، ئەستەمبوڵ، 2015.
9. کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چا(روون)، سلێمانی، سلێمانی، 2011.
10. کۆمەڵێ نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1946-2012)، و.(بەرزانی مەلا تەها)، چ1، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013.
11. میر قاسم مۆمنی: بارودۆخی کوردەکانی تورکیا لە سایەی حکومەتو سوپای تورکیادا، و.(هاوڕێ یاسین محمد امین)، چ1، چاپخانەی(پەیوەند)، سلێمانی، 2011.
12. ناوەندی(پ.د.ك): PKKو رۆڵی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورددیدا.
13. ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ1، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015..
14 ابراهیم الداقوقي: اكراد تركيا، ط2، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008.
15 اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، ت(د.حمدي حميد الدوري و د.عدنان ياسين مصطفي)، ط1، بيت الحكمة، بغداد، 2002.

16 جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامي، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009.

17 حامد محمود عيسي: القضية الكردية في تركيا، ط1، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2002.

18 خليل ابراهيم الطيار: الصراع بين العلمانية والاسلام في تركيا، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2004.

19 الدين والثقافة ومكانتهما في تطور الانسانية في الشرق الاوسط، مطبوعات ازادي، منشورات الحركة الشعبية.

20 عبدالله اوجلان: التاريخ مخفي في يومنا ونحن مخفيون من بداية التاريخ، مطبعة(روناهي)، 2003، منشورات مدرسة مظلوم دوغان للكوادر.

21 عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ط1، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012.

22 عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2013.

23 عقيل محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسيات، الدوحة- قطر، 2012.

24 مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت(عبد الاله النعيمي)، ط1، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006.

25 منصور عبدالحكيم: تركيا من الخلافة الي الحداثة، من اتاتورك الي اردوغان، ط1، دار الكتاب العربي، دمشق- القاهرة، 2013.

26 منصور عبدالحكيم: مصطفي كمال اتاتورك، ذئب الطورانية الاغبر، ط1، دار الكتاب العربي، دمشق- القاهرة، 2010.

27 هنري باركي واخرون: القضية الكردية في تركيا، ت.(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسة موكرياني للبحث والنشر، 2007.

**28** وليد رضوان: تركيا بين العلمانية والاسلام في القرن العشرين، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006.

29 جميل بايك: تاريخ حزب كارگران كردستان PKK، ج(اول)، چ1، چاپخانه(ازادی)، 2006.

30 عبدالله اوج الان: اسلامو ميهن دوستی، جامعه كردستانو طرح ترورمن، ت(محمد رئوف مرادی)، چ2، مؤسسه چاپو انتشارات دانشگاه تهران، 1383.

31 فوزی بيلگين و علی ساريخان: شناخت مسئله كرد در تركيه، مترجم(ازاد حاجی ئاقايی)، چاپ اول، نشر پانيز، تهران، 1393.

32 د.طلال يونس الجليلي: صعود التيار الاسلامي في تركيا، رسالة دكتوراة غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 1999.

33 اندرو فنكل و وليم هيل: السياسة واجراواتها عام 1987 في الانتخابات العامة عام 1987، من كتاب اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، ت(د.حمدي حميد الدوري و د.عدنان ياسين مصطفي)، ط1، بيت الحكمة، بغداد، 2002.

34 جويس بلاو: اللغة الثقافة في تكوين الهوية الكردية، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت (عبد الاله النعيمي)، ط1، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006.

35 رستم محمود: القضية العلوية في تركيا، سلسلة دراسات واوراق بحثية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة،2012، ص14.

36 سامي زبيدة: الدين والاثنية بوصفهما حدودا مسيسة، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت (عبد الاله النعيمي)، ط1، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006.

37 طولستان كورباي: تطور الحركة القومية الكوردية في تركيا منذ الثمانينات القرن العشرين، من كتاب هنري باركي واخرون: القضية الكردية في تركيا، ت(هفال)، مطبعة

مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسة موكرياني للبحث والنشر،2007.

38 عائيشة نيفيني جاغلار: الذئاب الرمادية كتعبير مجازي، من كتاب اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، ت(د.حمدي حميد الدوري و د.عدنان ياسين مصطفي)، ط1، بيت الحكمة، بغداد، 2002.

39 عبدالفتاح علي يحيي البوتاني: حزب العمال الكردستاني، نشاته وتطوره، من كتاب: د.خليل علي مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها علي دول الجوار، 1994، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركية.

40 مارتن فان برونسن: طريق الكرد الي الامة، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت (عبد الاله النعيمي)، ط1، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006.

41 ميخائيل ليزنبرغ: الاسلام السياسي بين الكرد، من كتاب مجموعة من الباحثين: الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وتركيا وايران، ت (عبد الاله النعيمي)، ط1، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، 2006.

42 بيرين كوينجو- لۆراسداغی: سەبارەت بەپرسی ئیسلامو نەتەوەخوازی لەتورکیا، سەرچاوەکانو دیسکۆرسەکان، لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ1، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015.

43 تەلاڵ یونس ئەلجەلیلی: پارتە سیاسییەکانو تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا 1946-1960، لەکتێبی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا(1946-2012)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چ1، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013.

44 خەلیل عەلی موراد: حزبە سیاسییەکانو مەسەلەی ئایین لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.

45 سیمتەن جۆشار: رۆڵی ناسیۆنالیزمی تورکو ئیسلامی سوننە لەبونیاتنانی شوناسی پارتە سیاسییەکان، لەکتێبی: ئایشە قازی ئۆغلوو فوئاد کەیمەن: دژایەتییە هاوژییەکان، ناسیۆنالیزمە دژەکانی ناو تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە (ئازاد حاجی ئاقایی)، چ1، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015.

46 عەباس خۆشناو: رەوشی ئیسلامو عیلمانییەت لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.

47 ماجید محی عەبدولعەباس: رۆڵی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا(1960- 1980)، لە کتێبی کۆمەڵێ نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا(1946-2012)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چ1، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013.

48 مستەفا ئیبراهیم: رابوونی نەتەوەیی کورد لەتورکیا، لەکتێبی فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.

49 علی ساریخان: دو دوره مبارزه حزب کارگران کردستان: 1984 تا 1999 و 2004 تا 2010، در کتاب فوزی بیلگین و علی ساریخان: شناخت مسئله کرد در ترکیه، مترجم(ازاد حاجی ئاقایی)، چاپ اول، نشر پانیز، تهران، 1393.

50 حامد محمد طه السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني واثرها علي العلاقات التركية- الروسية(1984-1999)، مج(دراسات اقليمية)، ع(29)، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، 2013.

51 حامد محمد طه السويداني: التيار اليساري في تركيا 1923-1980، دراسة تاريخية، مجلة(دراسات اقليمية)، عدد(31)، مركز الدراسات الاقليمية التركية، جاكعة الموصل.

52 خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: صراع بين اليمين واليسار في تركيا وانعكاسات الصراع علي سياستها الخارجية، مجلة (كلية التربية الاساسية)، ع(71)، 2011.